# خوێندنەوەیەک لە کتێبی "دین الإنسان"دا

مەحمود مونقیز ئەلهاشمی
و: هاوڕێ رەشید



لە راستیدا کتێبی "ئاینی مرۆڤ"ی نووسەری ناسراوی سوریا (فراس سەواح) هەروەکو دووەم ناوونیشانی ئاماژەی بۆ دەکا "لێکۆڵینەوەیەکە دەربارەی چییەتی ئاین و سەرهەڵدانی هاندەری ئایینی".

دەرچوونی ئەم کتێبە هاوکاتە لەگەڵ کتێبێکی تری گرنگدا کە لە هەمان ساڵدا ١٩٩٤ بە ناوونیشانی "سەرەتایەک لە فەلسەفەی ئاین" دەرچوو، لە نووسینی "ئەدیب سەعب" ناوبراو پسپۆرە لە فەلسەفە و توێژینەوە گەلی ئاینیدا، پێش ئەم کتێبەش ناوبراو دوو کتێبی دەرکرد، کتێبی ئاین و کۆمەڵگاو، کتێبی ئاینە زیندووەکان، لێ بەراوردکردن لەنێوان کتێبی ئایینی مرۆڤ و کتێبی سەرەتایەک لە فەلسەفەی ئاین، وردبینی و لێگەڕانی زانستیانەمان لەکارەکەی سەواحدا بۆ روون دەکاتەوە.

ئەدیب سەعب لە بەندی سێیەمی کتێبی سەرەتادا دەڵێ: بابەتی بنەڕەتی، تەوەری، یەکەم لە ئایندا بریتییە لەخوا، لەویشەوە هەر شتێکی تر دێت و سەرچاوە دەگرێت و پەلوپۆ دەهاوێت. خوا نەک هەروەکو هەندێک پێیانوایە تەوەری یەک ئایین یان کۆمەڵە ئاینێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو تەوەری گشت ئاینێکە، هەر ئەوەشە وادەکات ئایین، ئایین بێت، واتە خەسڵەتی جیاکراوەی پێ دەبەخشێ. لێرەدا ئەو هەڵە میتۆدییە دەبینین کە مرۆڤ تێی دەکەوێت بەهۆی سەپاندنی ئەو چەمکەی کە تەبەنای دەکات بەسەر چەمکەکانی تردا، بە هەوڵدانی مرۆڤ بۆ تێگەیشتن لە تێکڕای سیستەمی مەعریفیەکان بەهۆی کردنە بەری بەرگی سیستەمە مەعریفییە تایبەتەکەی خۆی بە بەریاندا. بەم شێوەیە ئەگەر چەمکی خوا نوێنەرایەتی نادیاری کراو بکات کە ئەوا هەر چەمکێک لەمەڕ نادیاریکراو بریتی نابێت لە تێگەیشتن دەربارەی خوا، خۆ ئەگەر لەلای مرۆڤ، هەروەکو دکتۆر سەعب باسی دەکات و فریدریش شلایرماخەری فەیلەسوفی ئەڵمانی بەگەواهی دێنێتەوە، هەستێک هەبێت بەخۆ بەستنەوە بە نادیاری کراوەوە، ئەوە مانای ئەوە نابەخشێ کە مەبەستەکە دروست خوا بێت، چونکە خوای تەعالا لەسەر نادیاریکراو کورت ناکرێتەوەو خەسڵەت گەلی زۆری هەیە بەو چەشنەش کە ئەمانوێل کانت گوتویەتی: "ئەگەر ئەوە مەحاڵبێت کە گریمانەی سێگۆشەیەک بکەین بەبێ گریمانەکردنی بوونی هەرسێ گۆشەکەی، ئەوە دەکرێ و مومکینە نکوڵی لە سێگۆشەکەو گۆشەکانی پێکەوە بکەین، بەم چەشنەش مەحاڵە گریمانەی خوا بکرێت لەگەڵ نەرێکردنی توانا گشتییەکەی، یان خەسڵەتێک لە خەسڵەتەکانی، وەلێ نکوڵیکردن لە بوونی و لە خەسڵەتەکانی پێکەوە شتێکی مەحاڵ نابێ..

دەکرێ مرۆڤ زاراوەی واقیعی کۆتایی The Ultimate Realityبەکار بهێنێ هەروەکو چۆن هانس کۆنگ بەکاری بردووە لەکاتێکا کە دەبێژێت: "لەڕاستیدا هەموو ئاینەکان وەڵامی ئەو پرسیارە دەخەنەڕوو دەربارەی مانای هەمەکی (الكلیە) و ژیان و مێژوو، بەڵام بەزمانی واقیعی کۆتایی کە خۆی بە چەشنێکی هەستیار و هەستپێکراو

لەدنیادا دەبینێتەوە، جا ئەگەر وەکو ژیانەوە (لە ئاینی جولەکە) وێناکرابێت، یان وەک ژیانی هەمیشەیی (لە ئایینی مەسیحی دا)، یان وەک فردەوس لە ئیسلام، یان وەک موکشە (لە هندۆسی دا) یان وەک نەرڤانا لە بودایی، یان وەک جاویدانی لە (ئایینی تاویەتدا)، بەڵام ناکرێ مرۆڤ بڵێت کە بابەتی هاوبەشی لە هەموو ئەو ئاینانەدا بریتییە لە نەرڤانا، یان فردەوس، یان موکشە و شتەکانی دیکەی لەوجۆرە.

بەڵکو وردبینی جیاکارییانە، جودا کردنەوە دەخوازێت نەک تەنیا لەنێوان ئەو چەمکە جیاجیایانەی کە خودی زاراوەی خوای بۆ بەکار دەهێنرێ. ئەوەتا خوا بە مانای هۆکاری بەرایی لەلای هەندێ لە فەیلەسووفان هەمان ئەو خوایە نییە لەلای موسڵمانان و کریستیانەکان و جولەکەکان، هەر ئەوەش بوو کە بلیز باسکال فەیلەسوفی کریستیانی فەرەنسی پەی پێ بردوو ئەو دەمەی کە گوتی: "من خوای ئیبراهیم و ئیسحاق و یەعقوبم گەرەکە نەک خوای فەیلەسوفان".

ئەمما لەگەڵ فراس سەواحدا ئەوە ئێمە لەگەڵ لێکۆڵیارێکی عەرەبی هەڵکەوتدا دەبینین کە کار بۆ دیراسەکردنی دیاردەی ئاینی دەکات وەکو خۆی و هەوڵ نادات کە ئەو بیرو باوەڕانەی کە لە پانتاییاندا ژیاوە ببرێ بەبالای هیچ ئاینێکدا. ئەگەرچیش ئەدیب سەعب تێکۆشاوە کە هەر ئاینێ لە ئاینەکانی دنیا بکاتە شتێکی هاوشێوەی کریستیانی و هەوڵیشی داوە کە جیاوازییە بنەڕەتییەکانی ئاینەکان لەناو ببات، تا بتوانێ لەگەڵیانا لێبوردەبێ، بۆیە فراس سەواح نوێنەرایەتی هەنگاوێکی پێشکەوتووانە دەکا لەبەر ئەوەی هەوڵی داوە ئەو دیاردەیە وەک خۆی یان وەک چۆن هەیە بخاتە بەرباس و لێکۆڵینەوە، نەک بەو چەشنەی کە خۆی گەرەکیەتی، ناوبراو ڕێزی مافی هەر ئاینێکی لە جیاوازیدا پاراستووە، ئەو لەکاتێکدا کە لایەنە جیاوازەکانی ناو ئاینەکان دەخاتەڕوو هەوڵی شێواندنیانی نەداوە، ئەوەشە ئەو کار و ئەرکە گرنگ و دژوارە کە لەسەر شانی هەر لێکۆڵیارێکە لە ئایندا:

لێوردبوونەوەی ورد و دروست و خۆلادان لە شێواندن و ڕێزگرتنی مافی هەر ئاینێک لە جیاوازی دا. سەواحیش لە پێشەکی کتێبەکەدا ئەو ئامانجەی

مەبەستیەتی ئاشکرا دەکا: ئەوەی کە من ئامانجمە بریتییە لە ناساندنی دیاردەی ئایین وەک خۆی، وەک حەقیقەتەکەی، ئەوەش بەهۆی وەسف و پەسن کردنیەوە بەشێوەیەکی ورد و دروست و جیاکردنەوەی لە تەواوی دیاردە کەلتوورییە مرۆییە فرە رەنگەکانی دیکە، کە ئەوەش کارێکە گەلێ دژوار و سەخت و ئاڵۆزە.

نووسەر لە بەرایی و دەستپێکی کتێبەکەدا ئاماژە دەکا بەوەی لەکاتی هەوڵ و کۆششی خۆیدا بۆ دوورکەوتنەوە لە فەلسەفەی ئایین و، مێژووی ئاین، خۆی لە ریزی پەیڕەوکارانی میتۆدی فینۆ مینۆلۆژیادا دیوەتەوەو دەڵێت: کە فینۆ مینۆلۆژیا بەو چەشنەی ئەدمۆند هوسرل ١٨٥٩–١٩٣٨ دایناوە بریتییە لەو رێبازە وەسف کاریە لە لێکۆڵینەوەدا کە لەتیۆرە فەلسەفیەکان دوور دەکەوێتەوەو هەوڵ دەدات بۆ پێشبینی کردنی دیاردەکە بەو شێوەیەی کە راستەوخۆ بۆ ئەزموونەکەمان دەردەکەوێ، واتە وەسف کردنی سروشتی دیاردەکەو رێیەکانی دەرکەوتنی و گوزارشت کردنەکانی لەخۆی.

نووسەرەکە بۆ پشت ئەستوورکردنی هەڵوێستە فینۆمینۆلۆژیەکەی خۆی بڕگەیەک لە کتێبی دەروونناسی و ئایینی دەروونشیکاری سویسری کارل گوستاف یۆنگ بە گەواهی دێنێتەوە. (یۆنگ)یش لەسەرەتای کتێبەکەیدا رادەگەیەنێت: "من تەنیا بە تێبینی کردنی دیاردەکان و چاودێری کردنیان دەوەستمەوە و پەنا نابەمە بەر بەکاربردنی بیروڕاگەلە میتافیزیکی و فەلسەفییەکان ئەوجا لەسەر ئەوە دەڕوا بەو سیفەتەی کە زانای دەروونناسیە، کە چۆن توانیویەتی دیاردەی ئایین بخاتە بەرباس و شیکردنەوە بەبێ بەکارهێنانی ئەزوشی فەلسەفی و دیدە فینۆمینۆلۆژییەکەشی بخاتەڕوو.

واتە ئەو بایەخ دەدا بە پێشهات و ڕووداو ئەزمون گەل و وشەو پێشهاتەکان و، حەقیقەتە واقیعەکەشی حوکمدانێک نییە بۆ نموونە دەروونناسی لەکاتێکدا کە قسە دەکات لەسەر لەدایک بوونی بێگەرد، ئەوە جگە لە بایەخدان بەوەی کە ئەو هزرە بوونی هەیە زیاتر نییە، بەڵام بایەخیش نادا بە مەسەلەی ئەوەی کە ئەو هزرە

حەقیقەتە یان باتڵ بە هەر مانایەکی تر، چونکە ئەوە حەقیقەتێکی سایکۆلۆژییە بەو ئەندازەیەی کە هەیە. بوونی سایکۆلۆژی شتێکی خودییە بەقەدەر ئەوەی کە ئەو هزرە مێشکی تەنیا تاکێک داگیر دەکات، یان بە مێشکی تەنیا کەسێکدا دێت، وەلێ شتێکی بابەتیشە بە ئەندازەی ئەوەی کە کۆمەڵگا بەکۆی دەنگ جێگیری دەکات، ئەو ئەزموونە رەخنەییەی ئەو پێشەکییە میتۆدییانە وامان لێ دەکات کە بەکارهێنانی یۆنگ بۆ چەمکی حەقیقەت و بینین کە ناکرێ داکۆکی لێ بکەین، ئەوەتا ئەو رادەگەیەنێت کە حەقیقەت واقیعە نەک حوکم" و بەڕاستیش "فیل شتێکی حەقیقیە، چونکە بوونی هەیە" بەڵام ئەو لەبیری چووە کە حەقیقەت بە بەردەوامی و بەزەرووەت ئاماژە دەکات بۆ حوکم نەک بۆ وەسفی دیاردەیەک کە بەهۆی هەستەوەرەکانمانەوە دەرکی پێ دەکەین و بەنیشانەی پەیڤینیش ئاماژەی بۆ دەکەین. ئەوجا ناوبراو رادەگەیەنێت کە ئەو هزرە حەقیقەتێکی سایکۆلۆژییە بە قەدەر ئەوەی کە بوونی هەیە، بەڵام ئەو هزرە بوونی هەیە بە چاوپۆشین لەوەی کە وەهم بێ یان لەگەڵ واقیعدا بگونجێت و بوونی هزرێکیش بەهەر مانایەک وای لێ ناکات حەقیقەت بێت. تەنانەت پزیشکی دەروونی مومارەسەکاریش نەدەکرا دەست بەکاربێت ئەگەر گرنگی نەدایە بە حەقیقەتی ئەو هزرە، واتە پەیوەست بوونی بەدیاردەکەوە وەهم یان لەسەر سیستەمی پارانویدی Paranoid. بەشێوەیەکی رەهاش خودی بەیەکداچوو حەقیقەت ناگرێتەخۆی. ئەوەتا لەوێ هەڵەی بە کۆمەڵ، هەڵوەسەی بەکۆمەڵ و وەهمگەلی هەستی خودی تێکچڕژاوو بەیەکداچوو هەیە. بۆ نموونە لە هەندێ رۆژگاردا ئەوە شتێکی روون و ئاشکرابوو بۆ هەر کەسێ کە زەمین رووتەختەو بێ جووڵەیە و سەرەڕای ئەوەش ئەو خەڵکە بە هەڵەداچووبوون.

لەڕاستیدا نزیککاریەکەی یۆنگ ناکرێ لە رووی دەروونییەوە جێگای رەزامەندی و قابیلی قبوڵکردن بێت، چونکە ئەو داکۆکی لەو دیدگا ریلاتیڤیزمە دەکات کە هەرچەندە لە رواڵەتدا زۆر گەرم و بەتینە لەگەڵ ئاییندا بەپێی بەراوردکارییەکەی فرۆید، بەڵام لە رۆحی خۆیدا لەرووی گەوهەرییەوە لەگەڵ ئاییني ئیسلام و مەسیحی

و بودایییدا ناکۆکەو ئەوەتا ئەو ئاینانە هەوڵ دەدەن لەپێناوی حەقیقەتی شکۆمەندییەک لە شکۆمەندییەکانی مرۆڤ و ئەرکە سەرەکییەکاندا و سورن لەسەر ئەوەی کە ڕێنومایییەکانیان چ لە پەیام و وەحیەوە سەرچاوەیان گرتبێ یان لە توانای عەقڵییەوە، ملکەچی پێوەری حەقیقەتن، یۆنگ بەسەریەوە ناچێ کە نارەحەتی و سەختییەکانی هەڵوێستەکەی ببینێ، بەڵام بەو ڕێگایەی کە دەیەوێت ئەو سەختیانە ئاسان بکات، بەدبەختانە ناکرێ داکۆکی لێ بکرێ و ئەو گەرەکیەتی جیاوازی بکات لەمیانی بوونی خودی و بابەتی ئەمە سەرەڕای ئەو خەسڵەتە نادیار و لێڵەی ئەو دوو زاراوەیە. وادیاریشە یۆنگ مەبەستی ئەوەیە کە شتی بابەتی دروستی و حەقیقەتی زیاترە لەو شتەی کە خودییەو بەگوێرەی پێوەری ئەو بۆ دیاری کردنی ئەو جیاوازییە کە لەنێوان خودی و بابەتی دا هەیە، پشت دەبەستێت بەو پرسە ئایا هزر تەنیا بەمێشکی یەک تاکدا دێت یان کۆمەڵگە دروستی دەکات، بەڵام ئاخۆ خۆمان شێتی ملیۆنانمان نەدیوە، شێتی چەندان گرووپ بە تەواوی لەم سەردەمەدا؟ ئەی ملیۆنەها کەسمان نەبینیوە کە قەناعەتیان بەسۆزە نامەعقولەکانیان هەیە و دەشێ ئەوانە بڕوایان هێنابێ بە هزر گەلێک کە وەهم و عاقڵی کەمتر نییە لە بەرهەمەکانی تاکی تاک؟ ئەوە چ مانایەک دەبەخشێ کە بووترێ ئەوانە کەسانی بابەتین؟ لەڕاستیدا ئەو ڕۆحەی کە پێوەرە بۆ ئەو خودی و بابەتییە ئەو ڕۆحە ریلاتیڤیزمەیە کە پێشتر ئاماژەم پێ کرد، بەشێوەیەکی پتر پسپۆڕی ئەو ریلاتڤیزمە سۆسیۆلۆژیەیە کە پەسەندی کۆمەڵایەتی بۆ هزرێک دەکاتە پێوەری دروستی و حەقیقەت و بابەتی بوونی ئەو هزرە. بەڕاستی سەرەڕای ئەوەی کە فراس سەواح بیۆنگ بە گەواهی دێنێتەوە لێرەدا ئەو لە ڕێژەیی ئەنیشتاینەوە نزیکترە وەک لەو فەلسەفەیەی ریلاتیڤزمی کە چەمکی حەقیقەت دەتوێنێتەوە بەهۆی نکوڵی کردنی ڕەهایەوە بۆ بابەتیەتی ئەبستمولۆژی و وازهێنانی لەو هەوڵدانە تا دیدگامان وا لێبکات کە ڕوونتر و شمولی تر و وردبین تربێت بەشێوەیەکی تەدریجی ئەوجا ئەو دیدە کۆمەڵایەتیەش بەو پەسەندکردنە کاتیە بێ بارەیەوە بۆ ئەو هزرەی کە لەلایەن

هەموانەوە جێگای پەسەندکردن و ڕەزامەندییە، ڕەنگە ئەو پەند و وانە گرنگەی لەم بارەوە، نووسەرەکە لە دیراسەکردنی فیزیکی نوێدا وەری گرت بێ ئەوەبێت کە ئەو یاسایانەی کە ئەمڕۆ فیزیکناسەکان بەدەستیان هێناوە، لە داهێنانێکی زهنی زیاتر نییەو یارمەتی دەرە بۆ وێنەکێشانی نەخشەی حەقیقەت، وەلی وێنەی خودی حەقیقەت ناکێشێ، ئەم وانەیەش ڕەنگە یارمەتی پیاو بدات بۆ دەربازبوون لە دوگماتیزم و ئەو گەشبینییە ساکارەی کە پێیوایە خاوەنی ڕاستی ڕەهایە، ئەو لە واقیعیشدا گوزارشت ناکا لە هیچ جگە لە پاشکۆ و ملکەچ بوونی بۆ ئەو نموونە باوانەی کە سەنگەریان گرتووە، یان یارادیگماتەکان.Paradigms نووسەرەکە پەیڕەوی ولیەم جیمس دەکات لە جیاکردنەوەی (حوکمی بوون) و "حوکمی بەها" و رادەگەیەنێت کە ئەو لە کتێبەکەیدا تەبەنای حوکمی بوون دەکات و حوکمی بەها واز لێ دێنێ (ل١٢) و دەڵێت: لە ڕاستیدا لە میتۆدە نوێیەکانی لێکۆڵینەوەی هەر بابەتێکدا سێ قۆناغ لە گێڕانەوە جیا دەکرێتەوە، لە قۆناغی یەکەمدا لە سروشتی بابەتەکە دەکۆڵینەوەو لە دووەمیشدا لە چۆنیەتی سەرهەڵدانی و لەچیەتی، لە قۆناغی سێیەمدا لە ماناو گرنگی و ڕۆڵی دەکۆڵینەوە (ل٣١٢). هەروەها ڕادەگەیەنێت کە ئەو پابەندە بە هەردوو قۆناغی یەکەم و دووەمەوە و بەڵام خۆی لە قۆناغی سێیەم ناگەیەنێ. ئەوجا دەڵێ ئەمما هەڵسەنگاندن و دەرکردنی بڕیار ئەوە پرسێکە ئەو میتۆدەی ئێمە کاری پێ دەکەین، بایەخی پێ نادات (٣١٢)، ئەوەتا دوای توێژێکی تر دەبینین کە ئایا ئەو بە ئەمەکە بۆ میتۆدەکەی یان نەخێر؟

دانەرەکە دان بەوەشدا دەنێت کە خۆی لە سایەی هەندێ لە زانایانەوە توانیویەتی ڕەهەندەکانی لێکۆڵینەوە لە ئایین بەرفراوان بکات، حەزدەکەم لەم بارەوە ناوی یەکێ لەو زانایانە بێنم کە ئەمیل دورکهایمی سۆسیۆلۆژیستە، کە پێیوایە هەر "پێناسەیەک بۆ ئایین دەبێت بەسەر هەموو ئاینەکاندا پراکتیزە ببێت، کامەیان زۆر سەرەتاییە تا دەگاتە ئەوەیان کە زۆر گەشەسەند و ئاڵۆزە". بۆ ئەوەی بتوانین ئاوها پێناسەیەک دابڕێژین بۆ ئایین لە سەرمانە لەوەی کە هاوبەشە لەنێوان هەموو ئاینە

ناسـراوەکاندا، بکۆڵینەوەو، ئەو بیـروباوەڕ و بۆچوونانەش بخـەینە لاوە کە تایبـەتن بە ئاینێکەوە بێ ئەوەی هـی یەکـێکی تر بن، هـەروەها دانەرەکە رەخنـەکاری دورکـهایم دێنێـەوە کە لە پێناسـەکەی جیمیس فـرێزەری وەرگرت بوو بۆ ئایین، چونکە ئەو ئایین لە بۆتەی چەند مـومـارەسـە گـەلێک دا کـورت دەکـاتەوە کـە پاڕانەوە دەگرێتـەخۆی بۆ کائین گەلی سـەرو مرۆڤ و دەبێژێت: دورکهایم پێیوایە کە نموونە گەلی ئەو پێناسـەیە جـێگای پـەسـەندە لە رۆژئاوا، بـەهۆی تەبابـوونی لە بـنەڕەتدا لەگـەڵ چـەمکی ئـاینـی کـریسـتیانی و بەڵام بەسـەر چەندین ئاینی دیکەدا کە زۆر بڵاون، پراکتیزە نابێت کـە بیروباوەڕەکانیان بە دەوری گیانەکانی هیچ جۆرە خواوەندێکا خول ناخوات، یان ئەو کـائین گـەلانە هیچ رۆڵێکی سـەرەکی تیـا ناگێـڕن تەنیا رۆڵی زۆر لاوەکی نـەبێت، بۆ نموونە ئاینی بودایی رێگایەکی سـەربەخۆی بۆ خۆی بڕیوە جیاواز لە ئایینی بـەراهـما لە هیندسـتـان، دەستپێکیش لە رەتکردنەوەی هزرۆکەی خـواوەندەوە بووە، چونکە ئەو ئایینە سـیسـتـەمێکی ئەخـلاقیـیە بەبێ یاسـادانەر و ئیمانێکە بەبێ خـواوەند. دانەری کتێبی ئاینی مرۆڤ لە رێی بەڵگە ئێرکۆلۆژییـەکانەوە پێشینەی هزری هێزی کشاوی (القـــواه الســـادیە لـەنـاو گــەردونـدا روون کـــردۆتەوە، لە چـاو هزری خـــواوەنـدی بەرجـەسـتـەدا (ل٢١٩-٢٢٠)و هێـز بەگـوێرەی تێگەیشـتنی مـرۆڤی بەرایی کـائینێکی خاوەن ئیرادەو تەدبیر نییە، بەڵکو هێزێکی سـاریە لە غـەفڵەتدا کـە بە ناو سروشـتدا دەکشێ و کـاری تیا دەکات بەبێ هیچ هـەستکردنێکی ئەخـلاقی بەخێر و شـەڕ بەپێی چەمکە مـرۆییـە ئاسـاییـەکەی. بـەو پێـیـە یەکـەمین هزر گـەلی ئایینی لەلای مـرۆڤی بەرایی لە هـەسـتـکردنیـەوە دروسـت بوو بە ئـامـادەگی رەهـەندێکی تـری بوون کــە هـاوکـات دزە دەکـاتە نـاو جیـهـانی ئێمـەو لێشی دەر دەچێت (ل١٥٢). ئەوجا سـەواح دەیسـەلمێنێ کـە وێنەی ئەو خواوەندە بەرجـەسـتەیە هـەرگیز بەڵگە نەویسـتێک لە بەڵگە نەویسـتـەکـانی عـەقـڵی مـرۆیی نەبووە، بەڵکو لە هـزر گـەلی ئاینی پـێشـتـر لەوەوە پێکهـاتووەو ئـەو بیـروبـاوەڕانەش کـە بە دەوری خـواوەندی نـا بەرجـەسـتـەدا خـول دەخۆن: بە دەوری ئەو هێـزە غـەفڵـەتیـانەی کە لە رەگـوڕیشـەکـانی ئایینـدا جـێگیـرن،

دانەرە کە ئاگادارمان دەکاتەوە لە دەردی سەپاندنی بیروباوەڕ و هزرمان بەسەر باوەڕی ئەوانیترداو دەڵێ لەسەرمانە لە ئێستاشەوە واز لە چوارچێوەی بیرکردنەوەی ئێستامان و ئەو شێوازەی کە پێی دەڕوانینە ئایین لە رێی کەلتوورە تایبەتەکەمانەوە بێنین تا شایستە تر بتوانین کەلتوورە جیاواز و دوورەکان وەربگرین و لێیان حاڵی ببین بەبێ ئەوەی کە دەیزانین بیخەینە سەر و زۆرێک لەوەی کە نایزانین، ئەوەش دەردێکە بەگشتی تووشی هزری نوێ بووەتەوە. دانەرەکەی نموونەی زۆر سەبارەت بەو گومڕاییە دێنێتەوە کە لەو دەردە دەکەونەوە، لە دیارترینیشیان ئەوەیە کە یەکەم پرسیارە، کە ئەنپروپۆلۆژیستە تەقلیدییەکان لەکاتێکا دەست دەکەنە لێکۆڵینەوە دەربارەی میللەتێک یەکەم پرسیار کە لەخۆیانی دەپرسن ئەوەیە "ئەو خوایە کامەیە کە دەیپەرستن؟" خۆ ئەگەر خوایەک نە دۆزنەوە بەو مانایەی کە خۆیان تێی دەگەن ئەوە خواوەندێک دادەهێنن کە لەگەڵ چەمکە تایبەتەکانیان دەرهەق بە ئایین و خوا بگونجێت لەم بارەوە بۆ نموونە ئەوەی لێکۆڵیارە پێشینەکان کە بۆ ئایینی هندە سورەکان لە ئەمریکای باکور بینیانەوە لەو چەمکە نامۆییانە وەک چەمکی ئەلواکواندا، کە بریتییە لە هێزێکی گەردوونی مەزن کە لە کەسایەتییە هیچ جۆرە خوایەکەدا بەرجەستە نابێت، بەڵکو لەگەردووندا دروست دەبێت و تیایدا کاردەکات و بەزاراوەی گیانی گەورە ناوزەدیان کردووە وەکو گەورەی خواوەندیش دایان ناوە.

(ل١٣٠) کاتێکیش قسە لەسەر تاو دەکات- کە بریتییە لە پرەنسیپێکی گشتی ئەبستراکت لەلای تایفەیەکی دانیشتووی وڵاتی چین- جیاوازی دەکات لەنێوان ئەو و چەمکی خوادا و دەڵێ: لە راستیدا جیاوازی گەوهەرییانە لەنێوان تاو و ئەو چەمکە رۆژئاواییە یان ئەو چەمکە رۆژهەڵاتییە ناوەڕاستییە دەرهەق بەخوای ئەفرێنەر بریتییە لەوەی کە خوا گەردوون دادەهێنێت و دروستی دەکات بەپێی ئیرادەو پلانێکی پێشوەخت، بەڵام تاو بەشێوەیەکی خۆ بەخۆیی و بەبێ تەدبیر و نەخشەو پلان دایدەهێنێ و گەردونی لێ دەکەوێتەوە، هەروەکو چۆن روەکێکی چکۆلە لە زەمین دروست دەبێت.

پاشان دانەرەکە لەبەردەم لەفز و فۆنۆتیکی زاراوەکەدا ناوەستێتەوەو بەس، بەڵکو لەناو ئەم کەلتوور و ئەو کەلتووردا بۆ ماناکەی دەگەڕێ.

نموونەش بۆ ئەوە ناوبراو تێبینی ئەوەی کردووە کە ئەو چەمکەی "ئەفریقییەکان سەبارەت بەخوا بۆ خۆیان دروست کردووە تەواو جیاوازە لەو چەمکانەی کە لەناو شارستانیەتە مەزنەکاندا باوە. ئەوا ئەو بە ئەفرێنەری ئەخلاق دانانێن و بەخێر و چاکەی پوختی بەرامبەر شەڕ و بەدکاری ناژمێرن و لەبەر ئەوەش ئەو نەجەزای چاکەو نە سزای خراپە ناداتەوەو خاوەنی کلیلی بەهەشت و ئاگرنیە.

دانەرەکە ئاوڕ لەخاڵێ دەداتەوە کە بەلای منەوە زۆر گرنگە، چونکە پشتگوێ خستنی ئەو خاڵە مرۆڤ زۆر دوور دەخاتەوە لە حەقیقەت، ئەو خاڵەش بریتییە لە شیاوبوونی کاریگەری ئاینە کۆنەکان بە ئاینە تازەکانەوە نەک بەو شێوەیەی کە کۆنی کۆنەکە بەری بینینی رەوتی مێژوو بگرێت و وەهمی پێچەوانەکەشی بکات. ئەوەتا هەردوو ئاینی جولەکەو کریستیانی بەر لە ئیسلام پەیدابوون، بەڵام ئەو رێگر نییە لەبەردەم ئەو دوو ئاینەدا کە کاریگەر بووبن بە هەندێ لە هزرەکانی ئایینی ئیسلام لە چەند قۆناغێکی مێژوودا.

ئەو کەسەی لە مێژووی هزری هیندی کۆڵبێتەوە تێ دەگات کە بودایی کاریگەری بەسەر ئاینی هیندۆسیدا بەجێ هێشتووە، وێڕای ئەوەی کە ئەو ئاینە لەپاش ئەمیان پەیدابووەو ئەو نموونەیەی کە دانەرەکە دەیهێنێتەوە، ئەوەیە کە ئەو گەلانەی لە بەشی رۆژئاوای وڵاتی نەیجەر و بەشی باکووری نیجریادا نیشتەجێن، ئاینێکی ئەفریقی وایان هەیە کە بە قوڵایی مێژووی ئەفریقیادا رۆچووە کە دەربارەی جنۆکەو ئەرواح و پێشینانی بەخوا بووە، بەڵام ئەوان ئیمانیان بەخوای دروستکار هەیە کە لە ئاسمانی حەوتەمین دا جێگیرەو بەناوە عەرەبییەکەی ناوی دەبەن (اللە) هەروەها عیبادەتێکی نهێنیشیان هەیە بۆ کائینێکی شەیتانی ناوی ئیبلیسە ئەویش هەر بە عەرەبی ناودەبەن و هەروەها عیبادەتێکی تریشیان بۆ فریشتە بە ناوە عەرەبییەکەیەوە هەیە. بەڵام تێکڕای ئەم عیبادەتانە مۆرکی رەشپێستانەی ئەفریقیای

خۆی پاراستووەو چووتە ناو رستی ئاینی لۆکاڵییەوە بە پلەیەکی وەها کە سەرنج راناکێشێ بۆ سەرچاوە راستەقینەکەی، ئەگەر بهاتباو ناوە ئیسلامی و عەرەبییەکانی نەپاراستبایە. لەبەر ئەوە هەر لێکۆڵیارێک روانگەی پێشوەختەی دەربارەی یەکتا پەرستی ئەسڵی هەڵگرتبێت، ئەوە هەوڵ دەدات ئەو هزرە نیمچە یەکتا پەرستیانە بگێڕێتەوە بۆ بیروباوەڕگەلی کۆنی رەگداکوتاو لەناو ئاینی ئەفریقیادا بەبێ ئەوەی کە لێگەڕێن بکات بەدوای سەرچاوەو رەسەنە مێژووییەکەیدا .(ل٢ر).

بەڵام ئەدیب سەعب لە کتێبی دەروازەیەک بۆ فەلسەفەی ئایین وای بۆ دەچێت "کە لەڕاستیدا هیچ ئاینێک بەبێ بوونی ئەخلاق نابێت" فراس سەواح پێیوایە کە ئەخلاق و ئایین لە رووی پرەنسیپەوە دوو چەمکی تەواو جوداو جیاوازن، سەرەڕای ئەوەی کەوا دەردەکەوێ پەیوەندییەکی پتەوو توندوتۆڵ لە نێوانیان هەبێ.

هەرچی ئایینە بریتییە لە بیروباوەڕ و پراکتیزە گەلێک کە رەفتار و هەڵسوکەوتی مرۆڤ بە ئاراستەی جیهانی پیرۆزگەلەکان رێکدەخات و بەدیدێکی سەرتاپاگیر بۆ گەردوون و شوێنی مرۆڤ لەم جیهانەدا، چەکدار دەکات، بەڵام ئەخلاق بیریتییە لە کۆمەڵێ رێساو پراکتیزەگەلی وا کە رەفتاری تاکەکان بە ئاراستەو بەرامبەر یەکتری و بەرامبەر بەو کۆمەڵەی کە ئەو کاتانە ئەندامەکانی پێدەهێنن، رێک دەخات.(ل٧١).

بنەچەو بنەڕەتیش لە ئەخلاقدا بریتییە لە سەربەخۆبوون لە ئایین. (ل٧٢).

ئەگەر ئەخلاق پەیوەست بێت بە هەندێ ئایینەوە، ئەوە لەبەر ئەوەیە کە ئەو پەیوەست بوونە بە بۆچوونی ئەو مەسەلەیەکی حەتمی نییە لە مێژووی ئایندا. بۆ نموونە لەو کۆمەڵگایانەدا کە دیمەنێکمان پێ دەبەخشن دەربارەی قۆناغە زووکانی پەرەسەندنی شارستانیەتە گەورەکان، تێبینی دەکەین کە ئەخلاق شتێک یان کاروبارێکی دنیاییە و عورف و نەریتە باوەکان رێکی دەخەن بەبێ ئەوەی هیچ هێزێکی پیرۆز پشتیوانی لێ بکات. لە ئەفریقیای سیادا بۆ نموونە ئەخلاق لە ناو کۆمەڵگاکانی رەش پێستەکاندا وەکو کاروبارێکی پاشکۆی رێکخستنی کۆمەڵایەتی

رادەبێت بەبێ بوونی هیچ تاڵێکی پەیوەندی بە ئایینەوە یان بەبێ بوونی هیچ پشتگیرییەک لەلایەن خواوە(ل٧٢)، بەڵام دانەرەکەی باس لەوەش دەکات کە دەکرێ لەناو کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا تێبینی شتێکی وەک هاوشێوەی ئەخلاقی ئاینی بکرێ و ئەوەش لە دەزگای (تابو)دا کە دەکرێ خاڵی پەیوەندی نێوان ئەخلاقی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی ئایینی، پێک بهێنێت و دەتوانین تیایدا ئەخلاقی ئاینی بە سیما کۆرپەلەکەیەوە روون بکەینەوە.(ل٧٣)ئەوجا بە هەندێ لە خۆڕابینینەوە گریمانە دەکا کە لە"قۆناغێکی دیاریکراوی گەشە سەندنی کۆمەڵگا دێرینەکاندا بازنەی تابو بەرفراوان بووەو بەرە بەرە هەندێ لەو ئەخلاقەی گرتووەتەوە کە تا ئەو سەردەمە کاروبارێکی دنیایی بووەو لەلایەن نەریتی خێڵەکییەوە رێک خراوەو هاوکات بووە لەگەڵ ئەوەدا کە تابووە دێرینەکان بەرەبەرە جڵەوو رەونەقی خۆیان لەگەڵ گۆڕانی چەمکە ئاینییەکاندا لەدەستداوە (ل٧٥) وەلێ نووسەرەکە سەرەڕای ئەو رەگوڕیشە مێژووییە قوڵەی ئەخلاقی ئاینی سورە لەسەر ئەوەی کە ئەخلاق و یاسادانان- کە بەشێکە لە ئەخلاقی گشتی و پشت ئەستوریش کراوە بەو سزایانەی کە دەسەڵاتی سیاسی دەیان سەپێنێت- دوو فاکتەری لاوەکین لە ئایین دا و هیچ رۆڵێکی بنەڕەتیان نییە لە دروستبوونیدا (ل٧٠). هەروەها نووسەر ئەوەش ناشارێتەوە کە جیاکردنەوەی ئەخلاق لە ئایین بەلایەوە شایستەترە، وای پێ باشە کە ئەخلاق لەو تێگەیشتنە دروستەوە بۆ پەیوەندییە نا ئاڵوگۆڕکراوەکانەوە بێتە دەر لە باتی ئەوەی کە لەو بیروباوەڕی ئاینی هاوبەشەوە سەرچاوە بگرێ، ئەو دەڵێ، بەڵام لە راستیدا ئەو پەیوەندییە ئاڵۆزەی کە لەنێوان ئایین و ئەخلاقدا هەیە ئەوکات دەست پێدەکات کە رەوایی ئەخلاقی بەند بێت بەو پشتیگیرییانەی کەلە بیروباوەڕی ئایینی هاوبەشەوە سەرچاوە دەگرێ، لەجیاتی ئەوەی کە بەندبێت بە تێگەیشتنی دروستەوە بۆ پەیوەندییە مرۆییە ئاڵوێرکراوەکان" (ل٧٢) بونیادی ئاینی لەلای ئەو لە پێکهاتەی بنەڕەتی پێکدێت کە بریتییە لە بیروباوەڕ، سروت و ئەفسانەو پێکهاتەی دیکەی لاوەکی وەک ئەخلاق و شەریعەتەکان. (ل٣١١). ئەو پێیوایە ئەخلاق شتێکی لاوەکییە

نەک لەبەر ئەوەی کەم بەهایە، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە ناچێتەوە سەر رەسەنی ئایین، لەم رووەوە چەندین ئایین هەیە ئەخلاقی تیا نییە، نموونەی بەرجەستەش بۆ جودایی ئەخلاق لە ئایین دانەر لە ولاتی چین دا دەی هێنێتەوە و دەڵێ: هزریارە چینییەکان جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە ئەخلاق و شەریعەکان مۆرکێکی دنیاییان هەڵگرتووەو، لە ولاتی چیندا هزرێکی ئەخلاقی دنیایی سەریهەڵداوە کە ژمارەیەک لە هزریارە مەزنەکان لەسەر و هەموویانەوە کۆنفوشیوس بناغەیان بۆ دارشتووە (ل٨٣).

خۆ ئەگەر مرۆڤ بپرسێ ئایا پێناسەکەی فراس سەواح بۆ ئایین ئەوەندە بەرتەسل بۆتەوە کە جێگای کۆنفۆشیوسیەتی تیا نابێتەوە؟ و لەکاتێکا ئەوەندە بەرینە کە کۆنترین فۆرم گەلی ئاینی و دوورترینیان لە شارستانیەتەوە تیایدا جێگەی بۆتەوە؟ بەراستی کۆنفۆشیوس پیاوی هزرە، بەلام هاوکات پیاوی ئاینیشەو رێنماییەکانی رێنمایی ئاینین و داوای پارێزگاری کردن لە سیستەمی گەردوونی شان بەشانی ئەوەش پارێزگاری کردن لە جیهانی بەها مرۆییەکان دەکات.

مرۆڤی ئایدیالیش لە کۆنفۆشیوسیزم دا نوێنەرایەتی ئەو سەرداره کۆنفوشیوسیە دەکات کە رێگای ئاسمان پێ دەزانێت، ئەگەر ئەخلاقی ئاینی لەلای کۆنفوشیوس مۆرکی فەرماندانی خواییان پێوە نییە وەکو ئاینەکانی ئیبراهیمی، ئەوە مانای ئەوە نابەخشێ کە ئەو سیستەمە ئەخلاقییە لەلای ئەو سیستەمێکی دنیاییەو پەیوەست نییە بە ئایین و دیدی گەردوونیەوە. لەراستیشدا وەلامدانەوەی ئەو نموونەیە لە جێیەکی دیکەی هەمان کتێبی فراس سەواحدا هەیە و دەڵێت: کۆنفۆشیوس لەو عەقلانەیە کە زۆرترین کاریگەری هەبووە لە چینی کۆندا، پێی وایە کە ئیرادەی ئاسمان لەراستیدا کاردەکات. ئەو سیستەمە سروشتییە لەلای ئەو سیستەمێکی دیکەی لە بەرامبەردا جێگیرە لەسەر ئاستی مرۆیی کۆمەڵگەیی کە بریتییە لە یاسای ئەخلاقی. بۆیە بەراستی گونجانی تاک لەگەڵ ویستی ئەو ئاسمانەی کە کاریگەرە لە سروشتدا بەدی ناکرێت مەگەر تەنیا بە چاودێری و رێزگرتنی ئەو سیستەمە

ئەخلاقییەی کە بەزاندن و پێشێلکردنی دەبێتە خەتاو گوناهێک بەرامبەر بە مافی ئاسمان. من لێرەدا لەگەڵ دانەرەکەدا نیم و پێموایە کە ئەخلاق شتێکی بنچینەییە لە ئاییندا نەک لاوەکی. لە راستیدا ئەخلاق مەزراو کێڵگەی ئەرکەکانە. هەندێ جار ئەرکەکان بەر تەسک دەبنەوە وایان لێ دێت کە تەنیا بە ئاراستەی مەعبود دەبن و هەندێ جاریش بەرفراوان دەبنەوەو هەموو کۆمەڵگا دەگرنەوە یان لەوەش زیاتر بەرین دەبن و سەراپای جیهان دەگرنەوە بەشێوەیەک کە مرۆڤ وای لێ دێت بەرپرسیار دەبێت لە کار و کردەوەی بەرامبەر بە سروشت و هەموو شتێک. هەندێ جار ئەرکەکان ئەخلاقی دیسپۆتیزمی سەرکوتکارانە دەبن یان مرۆییانە دەبن، لێکۆڵینەوە زانستییەکان پشتگیرییان لێ دەکەن بۆ پێداویستییەکانی تاک و کۆمەڵگاو ژیان، بەڵام هیچ ئاینێک نییە ئیلا دەبێ "سۆز و هەستی ئەوەی کە پێویست بکرێت" بوروژێنێت.

ئەوسا ئاینەکان وەڵامی خۆیان هەبوو بۆ ئەوەی کە دەبێت پەیوەندی مرۆڤ بە خۆیەوەو، پەیوەندی نێوان مرۆڤ و کۆمەڵگاو، پەیوەندی نێوان ئەو و سروشت و گەردوون چۆن بێت.

ئەو وتوێژ و گفتوگۆیە دەمانباتە سەر گفتوگۆکردن لەسەر ئاینێکی تر لە ئاینەکانی رۆژهەڵاتی دوور و پەیوەندی ئەو ئاینە بە ئەخلاقەوە ئەویش ئاینی شینتۆیە لە ژاپۆن. دانەرەکە باس لە گرنگی سروشت و سروت دەکات لە ئاینی شینتۆدا و ئاماژە دەکات بەوەی کە ئەو چەمکی (کامی)یەی کە بەلای ژاپۆنیەوە، ئەو پرەنسیپە هەمەکیە پیرۆزەیە کە دەوری تێکڕای دیاردەکانی گەردوونی داوەو خواوەندبوون خەسڵەتێکی جیاواز نییە لە دروست بوونی، بەڵکو ئەوە هەوێنێکی بزێوەو کاریگەرە لە ناخی گەردووندا، بەڵام جگە لە دیدێکی یەک لای بۆشینتۆ هیچی تر بەدەستەوە ناداو تەنیا روخساری پۆزەتیڤی تیا دەردەکەوێ.

دەڵێت: لێرەوە پیرۆزی ژیانی مرۆڤ و ئەو رێز و خۆشەویستیە مەزنەش کە هەر ژاپۆنیەک هەڵیگرتووە بۆ ژیانی تاک و کەسی و مافە بنچینەییەکانی ئەویتر، دێت و

سـەر چاوە دەگـرێت. هەر ئەندامـێک لە رەگـەزی مـرۆیی بەچاو پۆشین لە نەژاد و نەتـەوەو هـاوولاتێـتی برێک لەو پیـرۆزییـەی هەڵگرتووە، کـە لـە کـامـیـەوە پێی بەخشراوە(ل٢٣٥)، ئاشکرایشە کە شینتۆ یەکێکە لە ئاینەکانی ژاپۆن، نەک ئاینی هەموو ژاپۆنیەک.

جگە لـە شـینتـۆ ئاینی بـودایی و تاوی هەندێ کـۆنفـوشـیـوسی و مـوسـڵـمـان و کریستیانیشی لێیە.

دایسـاکـو ئیکیدا لێکۆڵیـاری ژاپۆنی ئاگادارمـان دەکـاتەوە کە ئاینی شـینتـۆ دوو روخساری هەیە: گرایشی ئاشکراو راشکاو لە یەکێک لەو دوو رووخسارەدا، بریتییە لە تەوافـوق لەگـەڵ سـروشت و گـرایشی هەناویش بە پێـچـەوانـەی دوورە پەرێزی و گۆشـەگیـربوونەوە، ئاینی شـینتۆ لەگـەڵ ئاینی بودایی نەک هەر بە ئاشـتی پێکەوە ژیاون بەڵکو شـێـوەیەکی هاریکاریشی هەبووە دروسـتـە کـە ئەو ئاینە لە بنـەڕەتدا گـریمانەی بوونی شکۆمـەندی کـردووە بۆ هـەر بوونـەوەرێک لە سـروشـتـدا، بەڵام لەو کۆمـەڵە چەمکە فـەلسـەفییـەدا هەژاربوو کە هۆکار و سۆنگەکانی ئەو شکۆمـەندییە دەردەخـات، ئەو هـەژاریـەشی هـاویشـتـیـە ناو ئامـێـزی گـرایشی گـەلی نەتـەوەیی شۆڤێنیانەوە.

ئەو لەسـەر پەیوەندییـەکی دەروونی وەسـتـاوەتەوە بـەو سـورشـتـەوە کە پێشـینانی گـەلی ژاپۆنی لەگـەڵیـا لە حـاڵەتی ئولفـەتدابوون، ئەو پێشـینانەیان دەبنە نێـوانکار لەنێـوان مـرۆڤ و سـروشـتـدا، ئەو دەرکـەوتنـە توندڕەوییـەی ئایدیۆلۆژیای شینـتـۆیی بریتی بوو لە باوەڕبوون بەوەی بە "نەتەوەی خوایی" ناوزەد دەکرێ.

ئەکیدا دەڵێ: روونترین نموونە بۆ ئەوەی مەبەستمە، ئەو پشتگیرییە سایکۆلۆژییەیە کە شینتۆ بەخشیویەتی بە هزری ئیمپریالیزمی ژاپۆنی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە تاکۆتایی شەڕی جیهـانی دووەم، وێڕای ئەوەی کە پـەیوەندییە فـەرمییـەکان کۆتاییـان هـات و ئەو سیمبـولە رۆحیەی شینتۆش دوای شکستهێنانی ژاپۆن گوڕ و هێزی خۆی لەدەستدا وەلێ هێشتا کاریگەری گەورەی هەیە.

لەراستیدا ئەو تێبینیانەو هی دیکەش نابێت لە بەهای ئەو هەوڵ و کۆششە گەورانە کەم بکاتەوە کە دانەرەکە کردوویەتی لە لێکۆڵینەوەکەیدا بۆ ئایین و بیروباوەڕە جیاجیاکان هەر لە چاخی بەردینەوە تا دەگاتە ژمارەیەک لە ئاینە گەورەکان، کە خەسڵەتێکی روون و ئاشکرایان پێوە دیارە وپشتی بەستووە بە بۆچوونە رەسەنەکان و لێکۆڵینەوە پسپۆڕییەکان و چەند توانیبێتی بەهزرێکی بەپێز و لەسەر خۆ و هێمنەوە کاری کردووەو ئەوەش نابێتە هۆی ئەوەی کە ئەو کارە بکەوێتە خانەی سەر و رەخنەو رەخنە لێگرتنەوە.

لەبەر ئەوەش کە لێکۆڵینەوە لە دیاردەی ئاینی هێشتا شتێکی تازەیە لە کەلتووری عەرەبیماندا، جێگای سەرسوڕمان نییە گەر مرۆڤ لێرەو، لەوێ کەم و کورتی و هەڵە ببینێتەوەو هەندێ جاریش مرۆڤ هەست بە سەرسوڕمان بکات بەتایبەتی لە شیکردنەوەیدا بۆ ئاینی هیندۆسی و بەراورد کاری ئەو ئاینە لەگەڵ تەسەوفی ئیسلامیدا. لە فەسڵی خواوەندی سۆفیگەرەکاندا قسە دەکات لەسەر خواوەندێتی و ئەبستراکت کردنی لە هزری ئیبن عەرەبیدا، یان بەزاراوەی سۆفیگەری لێکچواندن و پاکیزەکردنی و چۆنیەتی پەیوەست بونیان لەلای و لەم رووەوە پەنا دەباتە بەر ئیبن عەرەبی کە لە قورئانی پیرۆزدا زۆر ئایەت دەبینێتەوە کە باس لە پاکیزەیی لەگەڵ لێکچواندن دەکەن لەوانەش "ليس كمثله شئ وهو السميع البصير" هەروەها دەڵێ لەم وتەیەی خوای گەورەدا "ليس كمثله شئ" لێکچواندنی تیایە و، "وهو السميع البصير"یش پاکیزەیی پیشان دەدات.

بەڵام راستیەکەی تەواو پێچەوانەیە، مەگەر ئەوە لە ئەنجامی هەڵەی چاپیدا هاتبێت، لەم ئایەتەدا "ليس كمثله شئ" ئەوە تەنزیە چونکە پاکیزەی دەکاتەوە لە لێکچواندن بە هەر شتێکی تر و لەم ئایەتەشدا "وهو السميع البصير" ئەوە لێکچواندنە، چونکە دەیچوێنێ بە کەسێک کە هەستەوەری بیستن و بینینی هەبێت!، بەڵام دانەرەکەی شایستەی پیا هەڵگوتن و سەناکردنە لەوەدا کە ئەو وانەو پەندە بەنرخەی هەڵیگۆزیوە لە هزری سۆفیگەری ئیسلامیدا کە بریتییە لەوەی کە

"بەڕاستی وێناندنی خوا لە شێوەیەکدا و دروست کردنی هەڵکۆڵین و وێنەکێشان بۆی جیاکردنەوە نییە لە جیاکردنەوە، لەنێوان لێکچواندن و پاکیزەکردن، چونکە ئەو وێنا هزرییە بۆ خوا هەندێ جار بتێکی زهنی بەرز دەکاتەوە کە لە رەقیەکەیدا زیاترە لە رەقی هەر بتێک کە لە جەلمود دروست کراوە، بەڵکو رەنگە دەروازەی ئەو وێنا بەردینەیەی ئاسۆی زهن و گیانی کردبێتەوە بۆ سەر و ئەو بەردەی کە روونتر خۆی دەنوێنێ لە بیرو باوەڕە زۆر پاکیزەکان لە کاتێکا کە ئەو وێنا زهنیە بۆ خوا بەرەو رەقتر لەبەرد دەکشێت..(ل٢٩٢).

گرنگترین شت لە شیکردنەوەکەیدا بۆ ئاینی بودایی شیکردنەوەیەتی بۆ جیاوازی لەنێوان چەمکی (کارما) لە هیندۆسی و هەمان چەمک لە بودابیدا. هیندۆسیەت وای دەبینێ کە لە هەر تاکێکدا گەوهەرێکی نەگۆڕ هەیە کە دەروونە و ئەو گەوهەرە نەگۆڕەشە کە لە جەستەیەکەوە گوزەر دەکات بۆ جەستەیەکی دیکە، بەڵام بودایی لەکاتێکدا هیچ نابینێ جگە لەو گردبوونەوە کاتیەی چەند هۆکار گەلێک کە کۆبوونەوە یان داوەتی دەکەن بۆ هاتنە بوون لەم جیهانەدا بۆ ماوەیەک و وایشی لێ دەکەن هەست بە خودیەت و کەسایەتی جیاوازی خۆی بکات، هەرچی دوای مردنیشە بەپێی ئەوەی لە کتێبەکەدا هاتووە، هیچ شتێک دوای ئەو مرۆڤە جگە لە کاروکردەوەی جێ نامێنێ و هاوکات بەڕاستی ئەو تاکە تیادەچێت و ناکرێ بووترێ کە ئەو تاکە بەردەوام دەبێت، ئەوەش راست نییە، چونکە بودایی سەرەڕای جەخت کردنەوەی لەسەر کارو کردەوە و رەخنەکردنی بۆ راگوزەری ئەو گەوهەرە نەگۆڕە لەپاش مردن بەبێ رەچاوکردنی ئەو فاکتەرانەی کە کار دەکەنە سەر پێکهاتنی کەسایەتی دان دەنێت بە مانەوەی شتێک لە نەگۆڕی رێژەیی خوا، بەڵام ئەو هەڵە گەورەیەی کە دانەرەکە تێی کەوتووە لە شیکردنەوەی رێگای رزگاربوونی بودایی دا ئەوەیە کە دەڵێ "بەڕاستی رێگای رزگاربوون بە دژە ئاراستەی ئاراستەی، عەقڵدا دەڕوات لەڕێگای نا عەقڵە یان ناهزرە بەپێی دەربڕینی ئاینی تاو" لە راستیدا تیۆری بودایی جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوە کە رێگای گەیشتن بە نەرڤانا بە چەند

قۆناغێکدا دەچێت: قۆناغی شۆمۆن (بەمانای حەرفی واتە بیستنی دەنگەکان)، و دەلالەتیش لە وەرگرتنی مەعریفەی عەقڵی دەکات بۆ پەی بردن بە راستییەکان، ئەوجا قۆناغی ئینفاکۆ دێت، مانای ئەوە دەدات کە مرۆڤ رۆشنگەرە بەدیاردەکانی دەوروبەری. ئەمەش ئەو حاڵەتەی ژیان دەگرێتەوە کە تیایدا مرۆڤ هەست بە بەختەوەری بەدەستهێنانی جۆرێک لە رۆشنایی دەکات، بە تێبینی کردنی دیاردە گەردوونی و سروشتییەکان، بەڵام لە راستیدا شادییەکانی شۆمۆن و ئینفاکۆ لە دەوری خود سەنتەریان گرتووە یان کۆبوونەتەوە.. دوای ئەو دوانەش قۆناغی بۆساتسۆ یان حاڵەتی ئەلبودهیساتفا دێت کە بریتییە لە دۆخی وروژاندن- شادی بەهۆی بەختەوەری کەسانی ترەوە. دوا قۆناغیش بریتییە لە قۆناغی بۆتسۆ یان دۆخی بودایی، بریتییە لە حاڵەتی نەرڤانا کە ناکرێ مرۆڤ پێی بگات تەنیا مەگەر لە ئەنجامی مومارەسەکردنی ئەلبودهیساتڤاوە، بودایش بەوە پێناسە دەکرێ کە بریتییە "لەو بەختەوەرییە رەهایەی کە تەنیا بۆ ئەو تاکە دەستەبەر دەبێ کە دزە دەکاتە ناو ئەو دەقیقەتە گەوهەریە شاراوانەی ناو ژیان و گەردوون کە خەسڵەتی سەرتاپاگیری گشتیان هەیە (ئەو حەقیقەتانەی کە لە شۆمۆن و ئینفاکۆدا مرۆڤ پێیان دەگات، حەقیقەتی جوزئین و لەگەڵ گەردوون و ژیاندا یەکێتی سەرتاپاگیر و گشتی دێنێتەدی).

لە کتێبەکەدا هەروەها ئەوەش ئاشکرایە کە دانەرەکە پێی خۆشە واز لە خوێنەر بێنێ ئازادبێت لە وەرگرتنی ئەو بڕیارە بایەخدارانەی کە خۆی دەیەوێ و رێ نادا بە خۆی رۆبچێتە ناو ئەو پرسە ئاڵۆزە هیلاک کەرەوە، کە رەنگە زۆر نارەحەتی و سەختی بخاتەوە لەبەر جیاوازبوونی دیدی خەڵک و فرەیی و هەمەڕەنگی هەڵوێستی هزرییات. هەروەها لێکۆڵینەوەش لە ئەرزش و بەها وەک شتێکی زۆر پێویست دەمێنێتەوە، چونکە بەهای هەر ئاینێک هۆکاری بوونە، هەردوو قۆناغی یەکەم و دووەمیش لە لێکۆڵینەوەکە بەقەد ئەوەی رێخۆشکەرن بۆ قۆناغی سێیەم، گرنگن.

من وای بۆ دەچم کە بەر لەوەی بەهاکان بخەینە ژێر باس و لێکۆڵینەوە، دەبێت لەو

بنەڕەتە هاوبەشەیان بکۆڵینەوە کە خۆی بەند ناکات بەوەوە کە خۆی پێ پابەند کردووە لەوەی کە هیچ بڕیارێک دەرنەکا، پێدەچێت بەرجەستەترینی ئەو ئەحکامانە حوکمی بەهابێت کە لە ناوونیشانی (ئاینی مرۆڤ)ەوە، دەست پێدەکات و دەچێتە سەر ئەوەی کە ئاینەکانی مرۆڤ لە چاخە بەردینەکانەوە تا تازەترینیان هەریەک ئاینە، چونکە یەکسانن لە حەقیقەت و بەهادا.

بەلای ئەوەوە ئاینی مرۆڤ دابەش نابێت بۆ ئاینی نزم و ئاینی بالا، بەڵکو ئەو پێمان نیشان دەدا ئەوەی کە ئێمە بەشێوەیەکی فرە رەنگ و درەوشاوەیی کەلتورە جیاوازەکان و تایبەتمەندییەکانیانەوە لێمان کۆڵیوەتەوەو دەڵێت: لەبەر ئەوە تێکڕای ئاینەکان لەیەک ریزی یەکساندا دەوەستن و یەک پلەی رەواییان هەیە بە چەشنێ کە هیچ ئاینێکی راستەقینەو هی دیکەی موزەیەف هیچ ئاینێکی پێشکەوتوو هی تری دواکەوتوو لە گۆڕێ نییە، چونکە تێکڕایان دەرئەنجامی ئەو ئەزموونە راستەقینە رەق و پتەوەن و مەرجی پێدراوی بوونی مرۆڤایەتین، ئەوجا ئەوە رەت دەکاتەوە کە هیچ ئاینێک هیچ شتێکی تازەی نەخستۆتە سەر چەمکە ئاینیەکانی چاخی بەردینەوە، دەڵێت: بیروباوەڕی ئاینی مرۆیی شارستانی بە فەلسەفە کردن بە بیروباوەڕە ئاینیەکەیەوە گوزەراندوویەتی و لەم قاڵبە تیۆریەو لەوی تری داوە، نەیگەیاندووەتە هیچ جگە لەوەی کە هەمان شتە کۆنەکانی بەپێی شێوازی نوێ وتوەتەوە و وای مەزەندە کردووە، بەوە شتی تازەی پێشکەش کردووە، لەراستیشدا ئەوە شتێکی تازە نییە، ئەو وتوێژ دەکات لەسەر رەتدانەوەی والیس بیدج دەربارەی هەڵسەنگاندنی بۆ بڕوابوونی بەهێز و توانای غەفڵەتی ساری و دەڵێت: "بەڕاستی من لەبەردەم سەرسوڕمانی ئەو توێژەرە درەوشاوەدا پرسیار دەکەم دەربارەی ئەو جیاوازیەی کە هەیە لەنێوان ئیماکردن بۆ ئەو هێزە پیرۆزە شمولیە نابەرجەستەیە بە روودانی ئەو دەرئەنجامانەی کە مرۆڤ مەبەستیەتی و لەنێوان پەنابردنە بەر کائینێکی خوایی کەسایەتی خاوەن ئیرادە و ئارەزوو لە پێناوی بەدی هێنانی هەمان دەرئەنجامدا! ئاخر بۆچی دەبێت بە چەشنێکی شارستانیانەی پێشکەوتوو بڕوا بە هێزێ بە

خـواوەندێک کـە جگە لەوەی وێنـەیەکی باڵاتری لە مـرۆڤ هەیە هـیچی تری لێ بەدی ناکرێ؟

لە جێیـەکی تردا ئەو دانەرەی نێوان هـەمـوو ئاینەکانـی یەکسـان کـردووە لە رووی بەهایەوە، دەبینین کە لەگەڵ خۆیدا ناکۆکە لـەکاتێکدا کە ئاینە سەرەتاییەکان لەڕووی لێبوردەیی و ئاشتەواییانەوە بە چاکتر و شایستەتر دەزانێ لە ئاینەکانی دواتر کە لە رووی ئەوەوە هەسـتـاون و بە ئازاردان و سـەرکـوت کـردنی ئەو بیـروبـاوەڕانەی کـە ناکـۆک بـوون لەگـەڵ خـۆیان و هـەروەها دژایەتی کـردنیـان بۆ (الهـراطقـە)و شـەڕە سـەرتاپاگیرەکـانیـان لە دژی گـەلانی تر و، دەپرسێت کێ دەتوانـێ بڵێ: بەڕاسـتی ئاینەکـانی دواتر کە مـێژوویان پڕیەتی لە چەوسـاندنەوەو راوەدونانی (الهـراطقـە)و جـەنگە سـەرتـاسـەرییـەکـان کـە بە لێـبـوردەیی لەگـەڵ تێکڕای بیـروباوەڕەکـان دەناسـرێنـەوە؟ لێرەدا بوار بۆ دانەرەکـە دەڕەخسـێت کـە مـفـاضلە بکات لەنێـوان ئاینـەکـاندا لەسـەر بنچـینەی بەهاکـان و رێگاش بۆ ئەوە لێکۆڵینەوەیە لە مـێـژووی ئاینەکان، جگە لەوەش لە جێیەکی تردا ئاماژە دەکا بۆ ئەزمـوونی ئاینی پێگەیشـتوو تر لە ئـەزمـوون گـەلی (سـەرەتـاییـەکـان) ئەوەش لـەکـاتێکا ئەو ئاینە کـە بـەگـوێرەی بۆچـوونی ئـەو، دەرئەنجـامـێکە لە هـۆشـمـەندی مـرۆڤی بەرایی کـەوتـووەتەوەو گـەیشـتـووەتە پێگەیـشـتـووترین فـۆرم و شکڵەکانی لە ئاینەکانی هیند و رۆژهـەڵاتی دوور، ئەوەتا ئـەو دەڵێ: "ئەو هـۆشـمـەندییـە غـەیبـە کەلایەنە بیـروباوەڕەکـانی بوارە پیـرۆزەکـەو ئەو هـێـزە سـاریەی لەنێـو کـەلتـوری چاخی بەردینەدا و کـەلتـورە سـەرەتاییەکانداو تێکڕای فۆرمە پێگەیشـتـووەکان لەناو شـارسـتـانیـەتە گـەورەکـانی هـیند و رۆژهـەڵاتی دووردا بەرهـەم هێناوە. وادیارە لـە سـەرمـان پێـویسـتـە کـە دیراسـەتی مێـژووی ئاینەکـان بکەین لەو شـارسـتـانیـانەدا بۆ سـەلماندنی دروسـتی حـوکـمی ئەو بـەهـایە، ئاخـۆ ئەو چۆن حـوکـمی ئەو بـەهـایەو نـەفی کـردنەوەی بۆ پەرەسەندنی ئاینی لە هـەموو کتێبەکەدا دەگونجێنێ؟.

لە راسـتیدا دانەرەکە دان بـەوەشدا دەنێت کە ئایین دیاردەیەکە "ناچێتە ژێر باری گەشەسـەندن و یاساکانی گەشـەسـەندنی بەسـەردا تێناپەڕێ" لەبەر ئەوە پێویسـتە کە

ئەو هزر و چەمکانە لە هەناوو بنچینەی تێکڕای بیروباوەڕە ئاینییەکانی مرۆڤدا بدۆزینەوە بە چاوپۆشین لە شوێنکات و ژینگە (ل١٧٧)و ئەو لە شوێنێکی تردا دەڵێ ئاین دیاردەیەکی کەلتوورییە و ناچێتە ژێر باری پێوەرەکانی گەشەسەندنەوە، لەوەشدا هەمان خەسڵەتی هونەری هەیە، بەڵام ئەو بۆچی گەشەسەندنی کەلتوور و هونەر و ئایین نەفی دەکاتەوە؟ وادیارە دانەر گەشەسەندن تێکەڵ دەکات لەگەڵ "ئەو گرایشە گەشە خوازیەی کە لە سەدەی نۆزدەدا سەریهەڵداو هەوڵی دا دیاردە کۆمەلایەتی و بایۆلۆژییەکان راڤە بکات بەو سیفەتەی کە پێشکەوتنێکە لەسەر راستەهێڵێک لەخوارەوە بۆ سەرەوە، یان لە نزمەوە بۆ بالا بەشێوەیەک کە فۆرمی نزمی پێشوو بگۆڕێ بۆ فۆرمی پێشکەوتووی هاتوو" تاکە هۆکارێک کە لە کتێبەکەدا ببینمەوە بۆ رەتکردنەوەی چەمکی گەشەسەندن و بەکەم زانینی بریتییە لەو بەدلێ حاڵیبوونە، وەلێ بەزەرورەت گەشەسەندن مانای راگوزەری نادات بەرەو باشتر، چ بەمانا ئەخلاقییەکەی و چ بەواتا ستاتیکیەکەی. بەڕاستی گەشەسەندن واتە ئەو گۆڕانە دروستکارە کە بەدرێژایی رۆژگار دەبێت یان دێتە روودان و هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکییەکانیش کاری لێ دەکەن. ئەو ئەحکام و بڕیارە ئەخلاقی و ستاتیکیەی کە دەیدەین بەسەر گۆڕانکارییەکاندا ئەوانیش دەکەونە ژێر باری گەشەسەندنەوە. ئەوەتا ئەوەی کە بەزیانمان دەژمارد، دواتر بۆمان دەردەکەوێ کە سودمەندەو ئەوەش کە جێگای سەرنج و بایەخمان نەبوو لە هونەرەکان لە رۆژگاری رابردوودا رەنگە لە سەردەمێکی دیکەدا ببێتە مایەی سەرسوڕمان و، هەر گۆڕانکارییەکی دروست بوونی جۆری بەشێوەیەکی پلە بەپلە و کەم کەم دێتە روودان و ناکرێ کە گۆڕانکارییە سەرەکییەکان سەر هەڵبدەن مەگەر تەنیا بە کۆم بوونی یان کەڵەکەبوونی هەنگاوە وردەکان، ئاشکرایشە لەلای ئەوانەی لەسەر مێژووی هونەری کاردەکەن، کە پرسی گەشەسەندن گرنگی خۆی هەیە، وادیارە وێڕای ئەوەی کە بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە چەمکی گەشەسەندنی ئاینی رەت دەکاتەوە، چونکە لەلای ئەو گەشەسەندن تێکەڵ بووە لەگەڵ گرایشە گەشە خوازییەکەدا، دروست دوور نەبووە لە ناکۆکی، لە هەندێ قۆناغی کتێبەکە، دەبا بۆ نموونە تەماشای ئەو هزرە بکەین کە بەم وتەیەی

گـوزارشـتـی لێ کـردووە: ئەوەی تەواو دەتوانم بیلـێم لێـردا ئەوەیە کە ژیانی رۆحی بەرێژە گەشـەسـەند و بۆ مرۆڤی نیاردەر تاڵی دوایی، ناکرێ لە ناکاو لە عەدەمەوە پەیدابووبێت، بەڵکو دەبێ رەگوریشـەی خۆی هەبێت لەناو قولایی کەلتووری مرۆییدا" واتە ئەو گۆڕانکارییە سـەرەکییە نەدەهاتە روودان مـەگەر تەنیا لەرێی کۆبوونەوەی هەنگاوە چکۆلەکانەوە، ئەگەریش گەشـەسەندنی ئاین جارێک هاتبێتە روودان ئیتر ئەوە مـانـای ئەوە نابـەخـشـێت دواتر جـارێکی دیکە رووی نەدابێت، بەڵکو خـودی دانەرەکە جارێکی تر لەگەڵ خۆیا ناکۆک دەبێتەوە و ئـەم نموونەیەی کە دەی هێنمەوە بریتییە لە هۆکارەکانی دروست بوون و سەرهەڵدانی رێساگەلە ئەخلاقییە ئاینییە گەشـەسـەندووکان لە "تابووە" لەلایەن دانەرەکەوە روون کراوەتەوە لێرەوە دەتوانم بە هەندێ متمانەوە گریمانە بکەم کە لە قۆناغێکی دیاری کراوی گەشـەسـەندنی کۆمەڵگا کـــۆنەکــــاندا، بازنـەی "تابـو" بـەرین بـووە بۆ ئەوەی بـەرە بەرە هـەنـدێ لەو رێســـا ئەخلاقیانە ئیستعاب بکات کە تا ئەو سـەردەمە بەشـتێکی دنیایی دادەنران و عورفە خێڵـەکییـەکان رێکی دەخستن(ل٧٥). دەمـەوێ ئاماژە بە مـەسـەلـەیەکی بایەخدار و سەرنجراکێش بکەم ئەویش ئەوەیە کە ئاین هـەر تەنیا بە پەیدابوونی لە گەشـەسـەندن ناکـەوێت، چونکە دەقـە کـۆنەکـانی بە دەقـە تازەکـانی نوێ دەبنەوە کـارو دەقـەکـان ئەگـەرچی لەلایەن خـەڵکەوە دەگـوێزرێنەوە، ئەمـرۆش وەکـو دوێنێ لـەلایەن خـەڵکەوە گوێزراونەتەوە، ماناکانیان بەهۆی راڤەکارییە تازەکانەوە، دێتە گۆڕان و زۆر جاریش مـەسـەلەی ئاینی کۆن و ئـاینی تازەتر تا ئەوپەڕی سنور وەک گومڕایی دێتە بەرچاو بۆ نموونە ئیسلام دوای سەرهەڵدانی مـەسیحیـەت پەیدابوو، بەڵام ئیسلامی سونی و ئیـسـلامـی شـیـعی زۆر کـۆنـتـرە لە هـەردوو بزاوتی ریفـۆرمـانەی پروتسـتـانتی و کاتولیکی، هـەروەهاش گەشـەسـەندن لەناو ئەو دوو ئاینەدا، دوای ئەوەش نەوەسـتاوەو بزاوتی مـۆدێرنیـزم لە کـاتـۆلیک بووندا، نموونەیەکی روون و ئاشکرایە لەو بارەوە. دانەر بە نموونە وەرگرتنی هۆسـرل هێـرشی کـردۆتە سـەر ئەو رێدیو کـەیشنیـزمـە سایکۆلۆژییەی کە سـایکۆلۆژیستەکان بەهۆیەوە هەوڵ دەدەن کە زۆرێک لە دیاردەکان (لەناوشیاندا دیاردەی ئاینی) بگێڕنەوە بۆ دیاردەی دەروونی (ل١٣). دانەر نەک هـەر

ریدیوکەیشنی سایکۆلۆژی رەت دەکاتەوەو بەس بەڵکو هەر فۆرمێک لە فۆرمەکانی ریدیوکەیشنیزم رەفز دەکاتەوە بەهۆی رەتکردنەوەی راڤەکردنی ئاینەوە بەگێرانەوەی بۆ سیستەمێکی مەعریفی تر یان کورت کردنەوەی بۆ دیاردەیەکی نزم تر لەو، ئەو دەڵێت: ئەو هەڵوێستە ریدیوکەشینیە هەمیشە شێوازی راپۆرتی بەکار دەهێنێ و دەڵێ کە ئاین زیاتر نییە لە... ئەوە بەوەش گرفتی ئایین کۆتایی دێت تا گرفتی (ئەوە) دەست پێبکات کە ئایینی بۆ گێردراوەتەوەو ئەو دیاردە ئاینییە لە تۆز و بای ئەو سیستەمەی ئەویتردا بزر دەبێت کە دیاردەی ئاینمان بۆ رەوانە کردۆتەوە، بەو سیفەتەی کە بەر ئەنجامێکی لاوەکییە لە بەر ئەنجامەکانی و هیچ خەسڵەتێکی تاکانەی هەڵ نەگرتووە.

لەم هەڵوێستە یەکلاکەرەوەیەدا دانەر گەڕاندنەوەی ئایین بۆ هەر پێداویستییەکی دەروونی رەت دەکاتەوە، چ پاڵنەرەکەی ترس بێت یان ئارەزوو، لەبەر ئەوەش ئەو هەڵوێستی فرۆید رەت دەکاتەوە کە ئاینی گەڕاندۆتەوە بۆ پێویستی مرۆڤ بۆ باب ئاشکرایشە کە ئەسڵی ئایین لەلای فرۆید لەلاوازی و دەسەپاچەی مرۆڤدایە لەبەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی سروشت لە دەرەوەیداو هێزە غەریزییەکانی لەناوەوەیدا.

ئەو واتە مرۆڤ لە بەرەنگاربوونەوەیدا بۆ هێزە مەترسیدارەکان کە ناتوانێ دەستیان بەسەردا بگرێ و لێیان تێ بگات لەناو هەناوی خۆی و لە دەرەوەدا، بیری دەکەوێتەوە، ئەگەر ئەم وتەیە دروست بێت، پەنا بباتە بەر ئەو شارەزاییەی کە لە سەردەمی منداڵیدا هەی بووە لەکاتێکا کە هەستی بە پارێزگاری کردنی دەکرد لەلایەن بابیەوە، کە پێیوایە ئەو خاوەن حیکمەت و هێزی باڵاترە و دەتوانێ خۆشەویستی و سۆز و ئەو ئاگالێبوونە لە رێگای ملکەچی بۆ فەرمانەکانی و دوورکەوتنەوە لەو شتانەی کە ئەو لێی یاساغ کردووە، بباتەوە، هەروەها دانەرەکە ئەو تیۆرە سۆزەکییە لە پەیدابوونی ئایینداا رەت دەکاتەوە، کە ئایین دەگێڕێتەوە بۆ ترسی مرۆڤ لەو مەرگەی کە دوماهی ترسەکانیەتی و بۆ چاوتێبڕینی بۆ ئەو جاویدانی و نەمرییە کە ئەوپەڕی تەماع و چاو تێ بڕینیەتی، بەڵام خوێنەر لە کۆتایی

کتێبەکەیدا دادەچڵەکێ بەوەی کە دانەر خۆی هەستاوە بە ئەنجامدانی ئەو گەڕاندنەوە سایکۆلۆژییە کە رەفزی دەکاتەوە، ئەوەش بەگێڕاندنەوەی ئایین بۆ پێداویستی دەروونی بۆ هاوسەنگ کردن لەنێوان ئەوەی کە ناوی لێناوە "هۆشمەندی بە ئاگابوون" و "هۆشمەندی غەیب" لەبەر ئەوەی مرۆڤ هەست بە سەربەخۆیی تەواو بکات و یاریدەری بێت تا بە تێری لەگەڵ دەوروبەر و ژینگەیدا مامەڵە بکات و تەکنیکە جۆراوجۆرەکانی پەرەپێبدات تا هاوکات حاڵەتی هاوسەنگی دەروونی و رۆحی لەگەڵ گەردووندا مسۆگەر بکات(ل٣٩٠) ئایین هەروەک دانەرەکە پێیوایە بریتییە لەو "دۆخە نموونەییەی هاوسەنگی لەگەڵ گەردوون". لەوەش زیاتر دانەرەکە چەمکی خوا یان خواوەندی بەرجەستە دەگێرێتەوە بۆ پرۆسەیەکی سایکۆلۆژی لەو پرۆسانەی کە زۆر بە توندی گەڕاندنەوەی ئایین بۆ (یان)ی رەتکردۆتەوە– ئەو پرۆسەیە یەکسان کردنی سایکۆلۆژییە لەنێوان هەردوو بەشی هۆشمەندیدا. ئەو دەڵێت: لەڕاستیدا گەشەکردنی هۆشمەندی بە ئاگابوون لەسەر حسابی هۆشمەندی غەیب و رووبەڕووبوونەوەی کەلانی وجودی بە هەڵوێستێکی دابەش بووەوەو هزرێکی دابەش بووەوە کە لەلایەن هۆشمەندی دەنێردرێت زیاتر لەناردنی لەلایەن هۆشمەندی غەیبەوە، بووە هۆی پەیدابوونی بەرە بەرەی ئەو خواوەندە بەرجەستەبووە کە لە جیاتی یەکسان کردنە سایکۆلۆژییەکەی نێوان هەردوو بەشی هۆشمەندی هاتووە.(ل٣٩١)دانەرەکە مەبەستی چییە لە هۆشمەندی غەیب و هۆشمەندی بە ئاگابوون؟ لە راستیدا هۆشمەندی غەیب لەلای ئەو بریتییە لە نەست: ئەگەر نەستە فەردی بێت، ناوی لێناوە هۆشمەندی غەیبی تاک ئەگەریش بەکۆمەڵ بێت بە هۆشمەندی غەیبی کۆمەڵی ناوزەد کردووە. سەواح جگە لەوە زاراوەیەکی دیکە پێشنیار دەکات کە بریتییە لە "هۆشمەندی گەردوونی" کە تاک و رەگەزی مرۆیی لەگەڵ گەردووندا دەکا بەیەک و کۆیان دەکاتەوە، ئەوەی کە ئەو پێشنیاری دەکات گریمانەیەکی (ریچاردیک)ی پزیشکی دەروونییە لە کتێبەکەیدا بەناوی هۆشمەندی گەردوونی کە خوێندنەوەیەکە دەربارەی گەشەسەندنی زهنی مرۆیی رەنگە دانەرەکە ئاگای لەمە نەبێت، مرۆڤ بە پێی گریمانەکەی (بەک) لە (هۆشمەندی ساکار)ی

ئاژەڵییەوە پەرەی گرتووە بۆ "هۆشمەندی خود)ی مرۆیی و، ئێستاش گەیشتووەتە سەروبەندی پەیدابوونی (هۆشمەندی گەردوونی). ئەوەش پێشهاتێکی شۆڕشگێڕانەیە پێشتر لە چەندی کەسایەتییەکی نائاساییدا هاتووتەڕوودان و، ئەوەی (بەک) وەسفی دەکا بەوەی کە هۆشمەندی گەردوونییە، بەگوێرەی بۆچوونی ئەریک فرۆم ئەو ئەزموونەیە کە بەتەواوی پێی دەوترێ ساتوری لە بودایی زندا.

کەواتە ئێمە تێبینی ئەوە دەکەین دانەرەکە نەیتوانیوە دەربازببێت لە گەڕاندنەوەی سایکۆلۆژی لە لێکۆڵینەوەی ئاییندا، ئەگەر پێویستیش بێت لەسەر توێژەری ئایین کە پەنا ببات بەر ڕۆشنایی سایکۆلۆژیا، ئەوە تا ئەندازەیەکیش پێویستی بە لێکۆڵینەوەو هەڵبژاردن هەیە بۆ گریمانەو تیۆرە جیاجیاکان و وتوێژکردن لەسەریان لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئەزموونانەدا، زۆر زیاتر لەوەی کە لە کتێبەکەدا هاتووەو باسی کراوە.

ئەوەش کە مایەی سەرنج و تێڕامانە لەو گەڕاندنەوەو سایکۆلۆژییەدا، ئەوەیە کە دانەرەکە هەڵساوە بە جۆرێکی تر لە گەڕاندنەوەو، تێکڕای کتێبەکەی لەسەر دامەزراندووەو، ئەو جۆرە گەڕاندنەوەیەش گەڕاندنەوەیەکی کورتکراوەیە، ئەوەتا ئایینی گێڕاوەتەوە بۆ لانی کەمی ئەو بیرو باوەڕی، کە وای وەسف دەکات کە بریتییە لە یەک وێناندنی مرۆیی کە تێکڕای ئاینی لەسەر دادەمەزرێ.(ل١١٢) و دەڵێت: ئاینمان گەڕاندووەتەوە بۆ بونیادی ئەو لانی کەمەی کە لە بیرو باوەڕدا تێبینیمان کردووە، پاشان گوتمان دەکرێ خودی ئاین بگێڕدرێتەوە بۆلانی کەم، کە بەلانی کەمی بیر و باوەڕ ناوزەدمان کردووە، ئەوەش سیفەتێکی ساکار و بنچینەییە کە بیروباوەڕە ئاینییەکانی لە هەموو سەردەم و شوێنێکدا لەسەر ڕادەبێت.(ل٢٢٨).

دانەر لە دیاری کردنیدا بۆ بونیادی لانی کەمی بیروباوەڕیدا قورسایی خستووەتە سەر ئاینە کەلتوورییە سەرەتاییە رەسەنەکانی ناو ناخی رابردوو تا دوورترین خاڵ کە تیایدا شوێنەوار ناسی و ئەنپرۆپۆلۆژیا توانیویانە چەندین گەواهی ماددی بدۆزنەوە بۆ بیروباوەڕە ئاینیەکان لەلای مرۆڤی عاقڵ یان لەلای پێشینانی نیاردەرتاڵ ئەو دەڵێت: ئەوە کەوا دەردەکەوێ لێگەڕین بێت دەرهەق بە سەردەمی

رابردوو لە راستیدا بریتییە لە هەڵکۆڵین گەل لە بونیادی هزری ئاینی ئێستادا لە پێناوی ئاشکرا کردنی ئەو بنەڕەتەی کە هیچ وەرچەرخان و گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە، کە گەوهەری ئاین لەلای مرۆڤ پێکدەهێنێ.(ل١١٢) دوای لێکۆڵینەوە، ئەو گەوهەرە دیاری دەکات کە دەڵێت: بیروباوەڕی ئایینی لەسەر هەستکردن بە دابەش بوونی بوون بۆ دوو ئاست یان دوو بوار دادەمەزرێت:

ئاستی سروشتی، کە جیهانی ئەو دیاردە هەست پێکراوانەیە کە مرۆڤ دووچاریان دەبێتەوەو لەناویاندا دەجوڵێت، ئاستی پیرۆزمەندی ئەو غەیبەیە کە ئەو دیاردە هەست پێکراوانەی لێوە دەردەچێت لەناویشیاندا مرۆڤ و جۆرەکانی تری ژیان. ئاستی پیرۆزمەندی پەیوەستە بە گەردوونەوە لەرێی دۆخێکی بزێوەوە، کە هێزە کشاوەکەیەتی (ساریە) کە هەردوو ئاستەکە لەیەک خانەدا کۆ دەکاتەوە، هەناوەکەی خواوەندەو، رواڵەتەکەی ژمارەیەکی بێ شومارە لە دیاردە زیندوو نازیندووەکان.(ل٣١٢). بەم جۆرە خۆمان لەبەردەم دابەش بوونی جیهاندا دەبینینەوە بۆ دوو جیهان کە هەندێ لە فەیلەسوفان ئەنجامیان داوە: جیهانی سروشت و، جیهان کە سەرو سروشت (میتافیزیکا). من پێم وایە ئەو سۆنگەیەی وای لە توێژەرێکی هاوچەرخی وەک فراس سەواح کردووە، بە چاوپۆشین لە جیاوازییە گەورەکانی نێوان ئاینەکان، کە هەڵسێت بەیەکسان کردنیان و ئەوەش رەت بکاتەوە دەرهەق بە هەر ئاینێک کە لە دوای چاخی بەدینەوە پەیدابووبێ، کە بزوێنەرەکەی عەقڵی زانستی نەبێت بەو ئەندازەیەی کە جوڵێنەر و پاڵپێوەنەرەکەی ئەو گرایشە ئەخلاقییە هاوبەندەبێت بە زەرورەتی هەڵگرتنی خەسڵەتی لێبوردەیی و دوورکەوتنەوە لە کینەی ئایینی، ئەوەتا لێبوردەیی هۆکارێکی سەرەکییە لەلای ئەو بۆ ئەو سۆز و خۆشەویستییەی کە بەرامبەر بە خەڵکە سەرەتاییەکان هەیەتی.

ئەو دەمارگیرییە ئاینییەی کە ئەمڕۆ هەڕەشەی خراپترین دوارۆژ و عاقیبەت دەکات. کاتێکیش کە مرۆڤ لە تەک دانەرەکەدا هاودەنگ دەبێت لەوەدا کە تێکڕای ئاینەکان یەک ئاین وێڕای دەرکەوتە جیاوازەکانیان ئەوکات ئاگری دوژمنایەتی ئاینی هیچ پاساوێکی بۆ نابێ، بەمە دانەر ئەو هزرە کۆنە نوێ دەکاتەوە. منیش

هەرچەندە بەهای لێبوردەییم بەلاوە ڕێزدارە، پێموا نییە کە لێبوردەیی دەکرێ بەوە بێتەدی کە مرۆڤ ئەوانیتر قبوڵ بکات لەبەر ئەوەی پێیوانییە ئەوانیتر جیاوازی گەوهەرییانەیان لەگەڵ ئەودا نییە، بەڵکو بەڕاستی لێبوردەیی tolerance قبوڵ کردنی جیاوازییەکانی ئەوانیترە، چ لە ئایین یان نەژاد یان سیاسەت- یان قەدەغە نەکردنی ئەوانیتر، یان بەزۆر وازپێهێنانیان لە جیاوازییەکەیان. لێبوردەیی ئێستا دوو جۆرە:

لێبوردەی ریلاتیڤیزم (النسبویە) کە دەکرێ بە پشت گوێ خستنی ئەوانیتر بێتەدی و لێبوردەیی فرەیی کە لەو باوەڕەوە سەرچاوە دەگرێ کە پێیوایە حەقیقەت و بەهاکان فرە ڕەهەندن بە جۆرێ کە ناکرێ هەر تاکێک یان کۆمەڵێک بانگەشەی هۆشیارانە بکات بەوەی لە چەندین ڕووەوە خاوەنی زۆرترە لەوەو، بۆیە لەسەریەتی بە هەمان شێوە بانگەشەکانی کەسان و کۆمەلانی تری بەرپرس ڕێز لێ بگرێ. ئەمەو فرەیی هەوڵی چالاکانە دەخوازێ بۆ دەرککردنی ڕاستیەکانی ئەوانیتر و بەهاکانیان و هەڵسەنگاندنیان و لەکاتی پێویستدا سوود لێ وەرگرتنیان، پێش چەند ساڵێکی کەم توێژەری لاهوتی سویسری هانس کۆنگ لە لێکۆڵینەوەکەیدا بۆ ئاینە جیهانییەکان و ڕۆحی جیهانی، بانگەشەی کرد بۆ لێکۆڵینەوە لە هاوبەشی نێوان ئاینە جیهانییەکان بۆ دەرخستنی ئەو ڕۆحەی کە ئەو ئاینانە جیادەکاتەوەو لەپێناوی پێکگەیشتن و لێک حاڵیبوونی نێوان مرۆڤ. ئەوەی ئەو ڕوونی کردەوە لە کاروبارە هاوبەشەکان، دەکەوێتە ناوخانەی ئەخلاقەوە، لە شێوەی یاسایەکی زێڕیندا لەم ڕووەوە کۆنفوشیوس دەڵێت: "مامەڵەی ئەوانیتر مەکە بەو شێوەیەی کە ناتەوێ مامەڵەت لەگەڵدا بکەن". لە ئایینی جولەکەشدا: "مامەڵەی ئەوانیتر مەکە بەو جۆرەی کە ناتەوێ ناچاربن مامەڵت لەگەڵ بکەنەوە" لە ئاینی کریستیانیشدا: بەو چەشنە مامەڵە لەگەڵ خەڵکدا بکە کە حەز دەکەی مامەڵەت لەگەڵدا بکرێ". دەکرێ منیش ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەری عەرەبی (ێ) بخەمە سەر نموونەکانی کۆنگ: "ئەو کەسە ئیمانی نییە تا ئەوەی بۆ خۆی حەزی لێیە بۆ براکەشی حەزی لێ نەبێ".

بەلام خۆ کۆنگ نەی گوتووە کە ئەم هاوبەشیانە، جیاوازییەکانی نێوان ئاینەکان نەفی دەکاتەوە، هیچ ئانێکی جیهانی شتێکی تازەی نەهێناوەو لەگەڵ ئەوەشدا

پێشنیارەکەی کۆنگ هێشتا مشتومڕی زۆری لەسەرە و ڕەنگە بەهێزترین ڕەتدانەوە، ڕەتدانەوەکەی فۆلفگانگ هوبەر بێت کە لەگەڵ بۆچوونەکەی ئەودا نییە، لەو ڕووەوە کە بەندە بەزەرورەتی یەکێتی ئەخلاقیانەی نێوان ئایینەکان.

هەرچەندە ئەو دان دەنێت بە بوونی بواری یەکتربڕێک کە تیایدا قەناعەت و باوەڕە ئەخلاقییەکانی نێو تێکڕای کەلتوورە جیاوازەکان بەیەک بگەن و پێیوایە دەبێت بواری ئەو یەکتربڕە بەرین و بەهێز بکرێت، ئەوەتا کۆنگ نووسیویەتی: بەڕاستی ئەو جیهانەی تیایدا دەژین هیچ دەرفەتێکی بەزیندوو مانەوەی نییە، مەگەر تەنیا ئەوکاتە نەبێ کە بوار بۆ ئەخلاقیاتی جیاواز و پێکناکۆک کە دژایەتی یەکتری دەکەن نەمێنێت، هۆبەر ڕەدی دەداتەوە بەوەی کە پێیوایە دەربازبوونی مرۆڤایەتی ڕەنگە لەو ئەخلاقیاتانەدا نەبێت کە خاڵین لە ململانێ، هۆبەر ڕوونی دەکاتەوە کە پرۆژەی ڕۆحی جیهانی لەلای کۆنگ پاشکۆیەتی ئەو بۆ ماوەیە دەکات کە بڕواییەو یاسا سروشتییەیە کە گریمانەی ئەوە دەکا هەریەک لە یاساو ئەخلاق یەک سەرچاوەی هاوبەشیان هەیە، ئەوەش توانای تێگەیشتنە لە خێر و چاکە بەهۆی عەقڵی سروشتییەوە، بە پێچەوانەی ئەو بۆ ماوەیە ڕۆشنگەرایی وادەکات لە چوارچێوەی کۆمەڵگادا، بەتایبەتی کۆمەڵگای جیهانی، کە ئاراستە ئەخلاقی و ئاینییە هەمەڕەنگەکان پێکەوە بژین و ئەوەش بایەخداری یاسایە کە بوار بڕەخسێنێ بۆ هەمەڕەنگی و پێکەوەژیان.

ئەو ڕەخنەیەیە هۆبەر ئاراستەی کردووە، بە تەواوی پراکتیزە دەبێت بەسەر ئەوەی کە فراس سەواح هەوڵی داوە بیڵێت: "هەرکەسێ پێیخۆشە کە فرە ڕەنگی ئایینی گوشار بخاتە سەر تەختی بروکرست بۆ یەک تێگەیشتنی هاوبەش، ئەوە وتووێژی نێوان ئاینەکان لە ڕوانگەی یەکلاکەرەوەی خۆیەوە حەرام دەکات. لەراستیدا هەر ئاینێک زۆر لەوە گەورەترە کە کورت بکرێتەوە بۆ لانی کەمی بیروباوەڕی، ڕەنگە هەندێ جار شتە هاوبەشەکانی نێوان تێکڕای ئاینەکان بایەخیان هەبێت لەم ئاین یان لەو ئاییندا زیاتر لە بایەخی شتە هاوبەشەکان، بۆ نموونە موسڵمانان بە هەموو مەزهەبە جیاوازەکانیانەوە، ئیمانیان بەوە هەیە کە قورئانی پیرۆز بە لەفز و ماناوە،

پەیڤی خوایەو ئەوەش لە ئیسلامدا ئیمانێکی بنەڕەتییە، ئەم شتە لە هەموو ئاینەکانی تردا جیاوازە- پێدەچێت جگە لە ئاینی زەردەشتی کە ئابستاق یان ئەمستازەند دەگێڕێتەوە بۆ پەروەردگار- بەڵام لە ئایینی کریستیانیدا ئەگەر کەسێ گوتی کتێبی پیرۆز، پەیڤی خوایە، خێرا بە ئوسولیەت تۆمەتبار دەکرێ، چونکە کریستیانەکان پێیان وایە کتێبی پیرۆز مرۆڤ نووسیویەتی، لەم رووەوە خانمە پرۆفیسۆر ماری شیمیل دەڵێت: هاری ولفسن وشەیەکی جوانی Inlibiration (وازهێنان لە بەرجەستەبوون)ی داڕشتووە. هەروەها کریستیانەکان ئیمانیان بەوە هەیە کە وشەی اللە بووەتە جەستەیەک لە یەسوع داو بەرجەستەبووە. موسڵمانەکانیش ئیمانیان بەوە هەیە کە وشەکانی خوا بونەتە کتێب لە قورئان، بەوەش وازهێنا لە بەرجەستەبوون ئەو بیروباوەڕەش هەموو موسڵمانێ دەگۆڕێ بۆ ئوسولی بەمانا کلاسیکیەکەی وشەیەکە. واتە موسڵمانان ئیمانیان هەیە بەوەحی حەرفی و هەموو وشەیەک لە قورئاندا کە ئەسڵی ئیلاهی هەیە.

جیهادیش ئەمرێکی خواییە لە ئیسلامدا و لەو ئاینانەدا کە دانەرەکە قسەی لەسەر کردون، بوونی نییەو ئیسلام ئاینێکە تیایدا مامەڵەکان جێگایەکی تایبەتی هەیە و رەهبانیەت لە ئیسلامدا بوونی نییە.

زەحمەتە بۆ مرۆڤ لە ئیسلام تێ بگا لە ڕێی زاراوەکانی بیروباوەڕ و سروت و ئەفسانەوە بەبێ مامەڵەکان، لەم رووەوە پێغەمبەر (ێ) دەفەرموێ "بەڕاستی ئاین مامەڵەیە" ئەو فەرموودەیەش هەمیشە بەوە راڤەکراوە کە، مامەڵەکردن لەگەڵ پەروەردگار و مامەڵەکردن لەگەڵ بوونەوەرەکان دەگرێتەوە، نوێژ و رۆژوش لە ئیسلامدا تەنیا دوو عیبادەتی سروتی ئەبستراکت نین، بەڵکو دوو وەزیفەی ئەخلاقیشیان هەیە ئەوەتا لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە: "إن الێلاە تنهى عن الفحشاڵ والمنكر"، هەروەها لەو فەرمووده پیرۆزەدا "رب ێل ليس له من ێلاە الا القيام والعقود ورب ێائم ليس له من ێيامە الا الجوع والعگش".

پاشان رەنگە خوێنەر لەجیاتی ئەوەی ئەو بانگەشە هەناویەی دانەر بۆ لێبوردەیی بەدەروونیدا بڕوات، دووچاری بێ ئومێدییەکی گەورە ببێتەوە کاتێ کە دەبینێ

ئاینەکان، کە سەرچاوەیەکی زیندووی شارستانیەتە گەورەکان بوون لەم کتێبەدا لەگەڵ ئاینەکانی ئەوانەی گۆشتی مرۆڤ دەخۆن یەکسان دەبن، چونکە هەموو ئاینەکان وەک هەموو ئاینەکانن کەواتە ئاشکرایە کە زۆربەی ئەحکامە گشتییەکان لە کتێبەکەدا ناکرێ داکۆکی لێ بکرێ و خۆیان لەبەردەم رەخنەکاریدا ناگرن، ئەمە جگە لەوەی وەک پێشتر دیمانە پێکناکۆکن، کتێبەکەش نموونەیەکی درەوشاوەیە بۆ کەم و کورتییەکانی میتۆدی خوێندنەوە کاری پێشکەوتوو کە دەرکەوت شکست خواردووە لە ئەگەری گەیشتن بەخشییە گشتییەکان بەهۆی تێبینی کردنی دیاردە تایبەتەکانەوە، هەرچی حەقیقەتی یاسا زانستییەکانیشە نابێت ژمارەیەکی دیاری کراو لە دیاردەکان دایان بمەزرێنێت.

بەد بەختانە هەموو کاندید کراوەکان بۆ دەلالەتبەخشییە خوێندنەوە کارییەکان ناکام مانەوە. دیڤید هیۆمیش بە رەخنەکارییەکەی بۆ تێکڕای خوێندنەوەکاری Induc-tive دەری خستووە کە لە ٢٥٠ ساڵ بەر لە ئێستاوە لەسەر هەق بووە.

لەم سەدەیەشدا ئەو پێشنیارە شۆڕشگێڕەی کارل پۆپەر دەربارەی ئەوەی کە مەسەلەکانی "گرفتی خوێندنەوەکاری هیچ پەیوەندی نییە بە مەسەلەکانی مەعریفەی زانستییەوە". پۆپەر گومانی لەوەش کردووە کە زاناکان لە هەر سەردەمێکدا بەهۆی تێبینییە تایبەتەکانەوە خوێندنەوەکارییان بۆ یاسا گشتییەکان کردبێت و بەتیۆرەکان گەیشتبن، بەڵام ئەو هەر پاساوکاری دەکرد بەوەی کە هەرچۆنێک بێت، چۆنیەتی گەیشتنی زاناکان بەتیۆرەکانیان، ئەوە پرسێکە تایبەتە بە دەروونناسییەوە نەک لۆژیک، چونکە هیچ رێگایەکی لۆژیکی نییە بەهۆی تێبینی کردنەوە بگاتە یاسا زانستییەکان، رەنگە زاناکان لە رێگای جیاجیاوە بگەنە تیۆرەکانیان و کەمجاریش بە شۆڕشێک لە روانینی داهێنانەکە ناکرێ لە رووی لۆژیکییەوە رێکبخرێت، هەروەکو ئەنیشتاین گریمانەی کردبوو. ئەمما ئەوەی گرنگە ئەوە نییە کە چۆن دەگاتە تیۆرەکان بەڵکو گرنگ ئەوەیە کە چۆن تیۆرەکانی کە ئەوکات گریمانەیان بۆ کراوە، تاقی بکەینەوە، بەڕاستی تیۆرێک بۆ ئەوەی ببێتە هاوبەشییەکی رەسەن لە مەعریفەدا بەلای پۆپەرەوە، دەبێت گەردنی خۆی دەربخات و خۆی بخاتە بەر

مەترسی چەقۆی تیژی ئەزموون و تاقی کردنەوە، تێبینییەکانمان توانایان نییە دەقیقەتی تیۆرە زانستیەکان مسۆگەر بکەن، بەڵکو دەتوانن رەدیان بدەنەوەو، هەر تیۆرێک خۆی نەخاتە بەردەم مەترسی رەددانەوەی ئەزموون و تاقی کردنەوە، شایستەی ئەوە نییە پێی بووترێ هاوبەشی کردنێکە لە زانستدا. لە راستیدا دانەرەکە بیروباوەڕی سەردەمەکەی خۆی نەخستووەتە سەر و بیروباوەڕی سەرەتاییەکان، بەلام لە ئەنجامی خوێندنەوە کاریدا Inductive، بیروباوەڕی سەرەتاییەکان لەسەرو بیروباوەڕی سەردەکەی خۆیەوە داناوەو، ئەو لەکاتێکا کە هەوڵیداوە جیاوازی بکات لەنێوان ئەوەی "بە ئاینی نەتەوە) ناوی بردووە لەگەڵ "ئاینی سەرتاپاگیر"دا، هەڵنەساوە بە جیاکردنەوە لەنێوان ئەو ئاینانەی کە عەقڵیەتی دیسپۆتیزمیان هەیەو بیروباوەڕی پەرستکاری ئەوانیتر رەت دەکەنەوەو وەک جولەکەو ئەو ئاینانەی کە عەقڵی هەمەڕەنگیان هەیە.

بەکردەی لەگەڵ ئاینەکانی تردا ژیاون، کۆنفوشیوسی ئاینی ئیمپراتۆر بوو لەچینی کۆندا، بەلام رێگای لە بودایی نەگرتووە کە بێتە ناو وڵاتەکەی و بوداییەکانیش دوای ئەوەی بوونە زۆرینەی دانیشتوان هەوڵیان نەدا داوای حوکمڕانی بکەن، بەڵکو بەسۆز و ئەوینەوە لەگەڵ کۆنفوشیوسی و تاوی دا پێکەوە ژیان، بەلام خوێندنەوەکاریەکەی دانەر ئەوی گەیاندووەتە ئەوەی کە دامەزرێنەرانی ئاینە شمولیەکان تێکڕایان پێیانوایە "کە حەقیقەتی رەهاو کۆتایی بە تەنیا موڵکی ئەوانە نەک هی باقی ئاینەکانی تر، چ دوور و چ نزیکیان، شوێنکەوتوانی ئاینە شمولیەکان چ لەکاتی ژیانی دامەزرێنەرەکانیاندا چ دوای ئەوەش، پێکەوە ژیان لەگەڵ باقی عیبادەتەکانی دیکەدا رەفز دەکەنەوە لێرەدا ناتوانم گەندەڵی ئەو تێکەڵکردنە بەتەنیا بگێڕمەوە بۆ میتۆدی خوێندنەوەکاری و بەس، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ کەم مەعریفەییش، بەلام بەشی شەشەمی کتێبەکە دانەر تیایدا قسە لەسەر کلانی بوون دەکات لە فیزیای هاوچەرخدا، ئەوەش هەوڵێکی ساناکارییە بۆ خستنەڕووی هەندێ بۆچوونی فەلسەفی ژمارەیەک لە فیزیاناسە هاوچەرخەکان کە ئەوەش ئەو پێویستییە تێر ناکا بۆ دەرخستنی ئەوەی کە فیزیایی هاوچەرخ پێشکەشی کردووە لە دیدە

گەردوونییەکان، باشتر وابوو ئەو بابەتە لە کتێبێکی سەربەخۆدا قسەی لەسەر بکرایە، ئەم بەشەی کتێبەکە هیچ هاوبەشی نییە، جگە لەوەی کە بووەتە هۆی پتر بوونی ئەو هزرکردنەوە بازنەییە کە کتێبەکە بەهۆی میتۆدە خوێندنەوەکارییەکەی و بڕیارە یەکلاکەرەوەکانیەوە پێی گەیشتووە، ئەمە سەرەڕای گرنگی ئەو بڕە گەورەیە لەنادیارییەکانی، ئاشکرایە دانەرەکە گریمانەکانی نەخستووەتە ژێر باری تاقی کردنەوەی رەخنەییەوە، پێویست بوو لەسەری لەجیاتی ئەوەی بگەڕێ بەدوای سەلماندنی گریمانەکانیان، بیخستنایەتە ژێر توندترین ئەزموونی شیاوەوە، تا بزانێ ئایا دەتوانتت لەو تاقی کردنەوەیە دەربازبن.

هەروەها پێویست بوو تەماشای تیۆرە رکابەرەکان بەشێوەیەکی ئیجابیانەتر بکات لەجیاتی ئەوەی تەواو لایەنگری هەندێکیان بکات و هەندێکی تریشیان رەهایانە رەفز بکاتەوە بەجۆرێ کە راستیە جوزئیەکانیشیان نەبینێت.

ئەوجا لە جێیەکی تردا لەگەڵ خۆیدا ناکۆکە، ئەگەر دانەر خەسڵەتی کاتی هەموو مەعریفەکانمانی بزانیایە، لەباتی ئەو پەرۆشیە توندەی بۆ وەڵام دانەوەی هەموو پرسیارەکان، دەیتوانی زیاتر پرسیار بکات و گرفتەکان دەربخات، کە نەیشی توانیوە چارەسەریان بکات هەرچەندە وەڵامەکانیان زۆر لە شارەزایی ئەوەوە دوورن، هەروەکو لەبواری دەروونناسیدا، بینرا، بەڕاستیش وروژاندنی پرسیاری گرنگ کەمتر نییە لە بەڵگەو نیشانەکانی پێگەیشتن و درەوشانەوە لە پێشکەش کردنی وەڵامی گونجاودا.

لە کۆنگرە نێودەوڵەتیەی بیرکاری کە لە ساڵی ١٩٠٠دا لە پاریس گرێ درا، بیرکاری زانی بەهرەمەند داڤید هێکبەرت ٢٣ گرفتی چارەسەر نەکراوی بیریکاری خستەڕوو.

لەوکاتەوە چەندین نەوەی بیرکاری زان سەریان کردۆتە سەر ئەو گرفتانە و زۆربەیان چارەسەرکردن، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە ئەوکارە ئەوانی گەیاندە داهێنانی هزر و میتۆدی بیرکاری نوێ. لەجیهانی بیرکاری هاوچەرخیشدا ناوبانگی "گرفتەکانی هێلبەرت" کەمتر نییە لە ناوبانگی هاوبەشی کردنە ئیجابییەکانی ئەگەر زیاتر نەبێت. لەسەرمانە لەم چیرۆکەوە فێرببین.